یادگاریی تاڵ و شیرینەکان

بەرهەمی: پڕۆژەی ئاگا

بەڕێوەبەری گشتی پڕۆژە: سالار عومەر

بۆ پەیوەندی کردن بە پڕۆژەی ئاگا دەتوانن لەڕێگای واتس ئاپ و ڤایبەر و تیلیگرامی ئەم ژمارەیەوە پەیوەندی بکەن
( ٠٧٥٠٧١٤٧٠٣٧ )

یان لەڕێگای تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان.

پڕۆژەی ئاگا :: Aga project

پڕۆژەی ئاگا :: Aga project

پڕۆژەی ئاگا بۆ بەئاگا هێنانەوەی تاک،
بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست

# یادگارییە تاڵ و شیرینەکان

نووسینی:

مهناز کاوانی

پێداچوونەوە و هەڵەگریی: دڵشاد کاوانی.

نەخشە سازی بەرگ: ڕێدار عومەر

دیزاینی ناوەوە: دڵشاد کاوانی

بابەت: ڕۆمان

نرخ: ٣٥٠٠ دینار

تیراژ: ٥٠٠

چاپی: یەکەم ساڵی ٢٠٢٤

ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی سپاردنی ( ٤٤٥) ساڵی (٢٠٢٤) ی پێدراوە.

ڕۆمان/ یادگارییە تاڵ و شیرینەکان/ مهناز کاوانی

مافی بڵاو کردنەوە و لە بەر گرتنەوەی بۆ نووسەر و پڕۆژەی ئاگا پارێزراوە.

## پێشکەشە:

بە ڕۆئیای کچم و دایك و باوکم و خۆشەویستانم.

## یادەوەرییە تاڵەکانی دەوەن..

ئەو کاتەی لە زیندان ئازاد کرام، لە پێلاوی پێم زیاتر خاوەنی هیچ شتێکی تر نەبووم، ئەویش کە چەند کاتژمێرێک لەمەوبەر هاوڕێیەکم پێی بەخشی بووم، لەگەڵ ئەو چەند دینارەی کە لە گەمە بێماناکان، دەستم کەوتبوو.

بە ڕێگەدا دەرۆیشتم و سەرە سمکم لە پەلەبەردەکانی بەردەمم دەسوویی، ئەوەندە دڵخۆشبووم هەر ئەمە مابوو باڵ بگرم و بە هەموو شارەکەدا بگەڕێم. سەیری ئەو دیمەنە جوانانەم دەکرد، کە چەندین ساڵ بوو نەمبینی بوو. گەلێ تامەزرۆی ئەم ڕۆژە بووم، کە پێکانم حەسرەتی ڕۆشتنیان نەدەشکاند، بۆیە زوو زوو گێژاوێکم لە مێشکمدا دەچەسپاند، ئایە ئەوە خەونە دەیبینم یان ڕاستی!

تاک تاکە خەڵک دەهاتن و دەچوون، ئەویش حەمباڵ و عارەبانە بەدەستەکان بوون. ئەو کەسانەی پێویستیان بە ماندووبوون و ڕەنجکێشان بوو، نەوەک ئەوانەی بە ڕۆژ دەخەون و شەوانەش ڕادەبووێرن. لە خۆمەوە حەزم لە هەموو

شتێکی ئەو شارە دەکرد. ملی ڕێـگەم گرتبـووەبەر، بەڵام دوور لە شۆسـتە، چـونکە هەر لە منـداڵییەوە زۆرم ڕق لێـی بـوو، نەوەک ماشێنی خواپێداوەکان و دەوڵەمەندەکان پێیدا تێـپەڕبن و پڕووشکم بەرکەوێت. هەستم دەکرد دڵـم تەپە تەپێکـی زۆر دەکـــات و لە ســـینەمدا دەروێشـــانە کەوتـــۆتە ســـەما و هەڵبەزودابەزێکی شێتانە دەکات و کەوتۆتە جەزبە، لێ نـازانم نە تەپڵم بۆ لێدەدات، پێم دەڵێـت ئـاهەنگی شـادی و خـۆشی بگێـڕم، نە مانـدووە و پێویسـتی بە پشـووە. فرمێسـکەکانم لە خۆشیان لوزەیان دەکـرد و ڕێچکەیـان گرتبـوو. هەنگاوەکـانم زۆر قـــورس بـــوون، چـــونکە مـــاوەیەکی زۆر بـــوو بەپـــێ نەڕۆیشـــتبووم، کورســـییێکم بینـــی لە ژێـــر دارێکـــی بەرزدا لە خەڵوەی بێنازی تەنیایی خۆیـدا بـوو، گەڵاکـانی پـایز تـازە لە خەزانی ڕۆحیـــان ببـــوونەوە و بەســـەریدا هەڵوەریبـــوون، بە زەردەخەنەوە بەرەو لای چـووم، چـونکە وام هەسـت دەکـرد، گەڵاکانیش بە دارەکەیانەوە بەندن، تامەزرۆی هەمان خـاک و خۆڵبوون، کە من پێشووتر لێم قەدەغە کرابوو.

لەسەر کورسیەکە دانیشتم بیرم لە ڕابردووم دەکردەوە، ئەو ژیانە بێ مانایەی کە لە کیسم چووبوو، کە برۆ کانم جووت دەبوو نێو چاوانم گرژ دەبوو، قسەی ئەو مامە پیرەم دەهاتەوە یاد کە دەیگوت: ڕۆڵە گەر دەتەوێت ئاسوودەبیت هەرگیز بیری ڕابردووت مەکە، گەر دەزانی ئازارت دەدات بیر لە داهاتووت بکەرەوە، تا بتوانی خۆشبەخترین گەنجی دونیا بیت.

کاتێ بینیم یەکێک هاتە بەردەمم و چەند جارێک گوتی: کاکە، کاکە، زنجیرەی خەیاڵەکانمی پچراند.

چاوەکانم تەواو ڕوون بووەوە جووتە پێڵاوێکی ڕەشی بریقەدارم کەوتە بەرچاو، لەگەڵ پانتۆڵێك کە خەتی ئوتووی ئەوەندە تیژ بوو، دەتگوت چەقۆیە لە چاوان دەچەقێت، ئینجا بە ڕوونی گوێبستی دەنگی بووم زۆر بە شپرزەیی هاتەدوان: کاکە، لەگەڵ تۆمە، ئەم زەلفەم بدەوە، هی منە، دوێنێ شەو لێرە خەریکی خوێندن بووم، لە بیرم چوو، ئەوەم جێهێشت.

ئەم ڕستەیەم گـویێ لێبـوو سەرمسـوڕما، بەڵام کـاتێ سـەیری دەستە چەپی خۆم کـرد زەلفێکـی سـپی بە ڕوونی دیـاربوو کە تابلێتێکی بچووکی تێدا بـوو، لەسـەر کورسـیەکە دانـدرابوو، تۆمەز خەیاڵم ئەوەندە ئاڵۆز بوو، من هیچم نەبینـی بـوو. بـێ ئەوەی دەست لە بن هەنگڵم دەربێنم گـوتم: گـەر هـی تـۆیە، کەواتە هەڵیگـرە و بیـبە. کـوڕە بەپەلە دەسـتەکانی بـۆ بـرد و زەلفەکەی هەڵگـرت و زۆر بە وردی سـەیری سـەر و سـیما و جلەکانی کردم، ئینجا سوپاسی کردم و چەند هەنگاوێک لـێم دوور کەوتەوە، دوایی وەسـتا و ئـاوڕێکی دایەوە، هەم دیسـان لێی ڕوانیمەوە نازانم بیری لە چی دەکردەوە، تـۆبڵێی لە نـاخی خۆیدا منی چـۆن خوێنـدبێتەوە، کەسـێکی جـل دڕاوی سـەر تاشراو، ڕەنگە وای زانیبێ دز و جەردەبم یان سواڵکەری سـەر کوچە و شەقامەکانبم، گەڕایەوە دەسـتی لە بـاخەڵی نـا و بـڕە پارەیـەکی دەرهێنـا، لە بەردەمـی ڕاگـرتم، منـیش بە تـوڕەییەوە بەسـەریدا نەڕانـدم: هەڵیگـرە مـن بە چـی دەزانیـت، مەگـەر پاسەوانیم لە زەلفی تۆم کردووە، یان کرێگرتەی باوکتم.

ئەویش ترس دایگرت و دووبارەی نەکردەوە، بەپەلە بەرەو لای ماشێنە جوانەکەی ڕۆیشت، سەرم داخست و چاوم بڕییە زەوی، چاوم کەوتە سەر هەمان پارەی کە کوڕە کە ویستی پێم بدات، ئیدی نەمزانی ئایە لە بڕی ئەوەی لە باخەڵی باوێت لێ کەوتبوو، یاخود بە ئەنقەست فڕێیداوەتە بەردەمم تا هەڵیبگرمەوە، ڕاستییەکەی بە دەستکەوتنی پارەکە لە دڵەوە زۆر خۆشحاڵ بووم، چونکە کاتێ پارەکەی لە بەردەمم ڕاگرت هەرچەندە زۆر پێویستم پێ بوو، بەڵام شکۆم ڕێگەی ئەوەی پێنەدەدام پارە لە هیچ کەسێ وەرگرم.

پارەکەم ژمارد بۆ من ئەم بڕە پارەیە لە نەبوونیمدا گەلێ زۆر بوو، سوپاسی ئەو و خودام کرد و هاویشتمە گیرفانم. ئەمجارە هەستی خەمگینییەکەم گۆڕا و وامدەزانی دەوڵەمەندترین کوڕی ئەم شارەم، دوکاندارەکان تازە دەرابەکانیان هەڵدەدایەوە، کارگەکان دەخرانە کار و کارمەند و فەرمانبەرەکان بەرەو کارەکانیان دەرۆیشتن.

بۆیە بە هەلم زانی تا زووە بە دوای کارێکدا بگـەڕێم، چـونکە ئەم پـارەیە تەنیـا بەشی ئەوەم دەکـات، تـا کـارێکم دەسـت دەکەوێت. بەرەو یەکـێ لە کارگەکـان بەڕێکەوتـم خەڵکێکـی زۆر هاتووچۆیـان تێـدا دەکـرد، کـارگەکە حەسـارێکی زۆر گەورە بوو، دەرگەیەکی مەزنی ئاسنینی تێـدابوو، کە تەنیـا بـۆ ئۆتۆمبێلەکـان دەکـرایەوە و دەرگەی دووەمـی بچـووک بـوو، کەوتبـــــووە تەنـــــیش دەرگە گەورەکەوە. منـــــیش بە دوای فەرمانبەرەکاندا ڕۆیشتم، ئەوان بەهۆی کارتی خۆناسـاندنیان، بە ئاســـانی لە دەرگەی دووەم چـــونە ژوورەوە پاســـەوانەکەی بەردەرگە داوای کارت و ناسنامەی کاری لێ کـردم هەرچەنـد من هەوڵمدا بـاوەڕی پێبێـنم دەمەوێـت بەڕێـوەبەری کـارگەکە ببینم، بەڵام ئەو نەیهێشت من بچمە ناو کارگەکە، هەر بۆیە بە نائومێدی گەڕامەوە، هەرکە ئاوڕم دایەوە، ئۆتۆمبێلێکی تازەباو هـــاتە بەردەم کـــارگەکە و دەرگە گەورەکەیـــان بـــۆ کـــردەوە و ئۆتۆمبێلەکە لە حەوشەی کارگەکە وەستا، منـیش بەپەلە و بـێ داواکـــردنی مـــۆڵەتی چـــوونە ژوورەوە، دەرفەتـــم هێنـــا و بە

پەلەپرووسکێ خۆم کرد بە ناو کارگەکە، بینیم دوو پیاوی شیك و پۆشتە لە ئۆتۆمبێلەکە هاتنەخوارەوە، فەرمانبەرەکان بە رێزێکی زۆرەوە بەیانی باشیان لێ دەکردن، ئیدی بۆم دەرکەوت ئەوە بەڕێوەبەری کارگەکەیە. بۆیە بێ هیچ بیرکردنەوەیەک لە کاردانەوەیان بە پەلە لێیان چوومە پێشەوە، منیش بەیانی باشم لێکردن، ئەوان بە دەم ڕێگەوە وڵامیان دامەوە، منیش پێ بە پێ لەگەڵیان دەرۆیشتم، تکام لێکردن گەر بتوانن هەر چۆنێك بێ لە کارگەکەیان کارێکم پێ بدەن، بەڵام یەکیان زرمەی لە قسانمەوە هێنا و گوتی:

برۆ کاکە جەنابی بەڕێوەبەر سەری قاڵە، لەمە زیاتر هەراسانی مەکە، ئەوان بەپەلە چوونە ژوورەوە.

زۆر بەسەر خۆمدا شکامەوە و خۆم وەک سواڵکەرێک هاتە بەرچاو، کە زانیم هیچ سودی نییە، بە دڵشکاوییەوە لە کارگەکە هاتمە دەرەوە.

سگم لە برسان قوڕەی لێ هەڵدەستا، سەیرم کرد عارەبانەیەک لەوێ وەستاوە خەڵکێکی زۆر دەورەیان لێ دابوو، منیش

چوومە پێشەوە دوو بابۆڵەم کڕی، لەوێ لەبن دارێـك دانیشـتم دەستم بە خواردنی کرد، کاتێ تەواو بـووم سـەیرم کـرد یەکـێ بەرەو لام دەهات، تۆزێک لێی وەڕامام هەمـان پاسـەوان بـوو، کە نەیهێشت بچمە ژوورەوە.

هاتەلام و سڵاوی لێکردم لە تەنیشتمەوە دانیشت، پێش هەموو شـتێ داوای لێبـووردنی لێکـردم و گـوتی بـۆیە ڕێـگەی نەدام بچمە ژوورەوە، چونکە ئەویش بەو کارە ناچـار کـراوە و ئەمـە بەرپرسیاریەتی پیشەیەکەیەتی، ئەو خـۆی پـێ ناسـاندم: نـاوم بارانە هەرچەندە خەڵکی ئەم شـارەم، بەڵام لەم کـارگەیە ژیـان بەسەر دەبەم.

منیش بە خۆشحاڵییەوە خۆم پێ ناساند، و گوتم منـیش نـاوم دەوەنە. ئیدی چەند پسیاری دیـکەی لێکـردم، ئەو هەر زوو لە ڕەنگ و ڕووم دەیزانی من غەریبەم و لێقەوماوم، بۆیـە گـوتی: حەزدەکەم قەرەبووی ئەو دڵ ڕەقییەم بـکەمەوە، لەم ئێسـتاوە بە برای خۆتم قبووڵ بکەیـت و ئەگەر ڕازی بیـت ئەوە دەتـوانین ببین بە دوو هاوڕێی باش.

بەڕاستی زۆر خۆشحاڵ بووم زانیم لە هەموو زەمانێک کەسانی چاکەکار و مرۆڤدۆست هەیە. دەمێک بە بێدەنگی مایەوە، دەستی لە گیایەکە گیر کردبوو، کەد کەدە گیاکەی بەردەمی دەردەکێشا و نیگای چاوەکانی سەیری شوێنێکی نادیاری دەکرد زانیم دەیەوێت شتێکم پێ بڵێت، بۆیە گوتی: کاکە گیان، یان باشتر وایە پێت بڵێم هاوڕێ گیان، تازە ئێمە دەمانەوێت ببین بە هاوڕێ ئەی وانییە؟ مافی خۆمانە گەر هەر پرسیارێک لە یەکتر بکەین.

(پێکەنینێکی خستە سەر لێوەکانی )

- باشە دەوەن گیان دەمەوێت بە وردی بزانم لە کوێ هاتوویت؟ چونکە بە ڕوونی لێتەوە دیارە کە خەڵکی ئەم شارەنیت، بەڵام ئەگەر هەڵەم نەکردبێت پێدەچێت لە زیندان بووبیت؟

منیش زۆر پێم سەیربوو، بۆیە پێم گوت: دیارە تۆ کەسێکی زۆر هۆشمەندی، چۆن ئەمەت زانی؟ ئەویش پێکەنی و

گـــوتی ســـپییەتی ڕەنـــگ و ڕووو و مـــات و مەلـــوولی و قژتاشراوێت، ئەمەم پێ دەڵێت.

منیش گوتم: بەڵـێ چەنـد کاتژمێرێـک لەمەوبەر ئـازاد کـرام، خەڵکی دێی بەهارم، دە ساڵە لێرە لە زینـدان بـووم، دەشـزانم دەتەوێت بزانی لەسەر چی گیراوم، ئەمەیـان باسـێکی درێـژە، بەڵام باسی ئەمە کاتێکی زۆری دەوێت، ئەگەر بە پیاوخراپ و دز و پیاوکوژم نەخوێنیتەوە، بـاوەڕم پـێ بکەیـت کە کەسـێکە خراپەکـــارنیم و ئەوە هەڵیگـــرە بـــۆ کـــاتێکی دیـــکە، مـــن بە ڕاشکاوی هەمووشتێکت بۆ بـاس دەکەم، کە بـۆچی تـووشی ئەم بەدبەختییە بووم.

باران بە دڵگەرمییەوە دەستی گرتم و پێی گوتم:

- کـــەوایە هەڵســـە بـــا بچیـــنە مـــاڵەکەم، دەزانـــم هیلاکیـــت و پێویستت بە خۆشوردن و پشووێکی باش هەیە.

منیش لەم کەساسی و بێ کەسیمدا چاوم پڕبوو لە فرمێسک و ها وەڵامم دایەوە.

- زۆر سوپاست دەکەم، نازانم باوەڕ بەوەبکەم کە خودا چۆن تۆی بۆ ناردووم، بۆ قورتاربوونم لە زەحمەتی و لێقەوماوییەم، زۆر پێویستیم بە هاوڕێیەکی وەك تۆ هەیە.

بەیەکەوە چووینە ماڵەکەی باران و بە گەرمییەوە فەرمووی لێکردم، کە چوومە ژوورەوە بینیم ژوورێکی بچووک و تەباغێک و چەند قاپ و قاچاغێکی لێ داندرابوو، لەوێشەوە ژوورێکی تری لێبوو، کۆنە مافورێک و یەک دوو نوێن و ڕاخەری تێدابوو.

باران بەم جۆرە هاتە دوان: برای خۆم ئەوە ماڵەکەمە، من تۆم وەک مێوان نەهێناوەتە ئێرە، گەر قبووڵی کەیت، حەزدەکەم لێرە لەگەڵ من بەیەکجاری ژیان بەسەر بەریت و هاودەمی یەکتربین، چونکە بۆ منیش هیچ ژیانێک بەقەد تەنیایی ناخۆش نییە.

- زۆر سوپاست دەکەم هەرگیز لە چاکەت دەرناچم، خودا لە دۆستایەتیت کەم نەکات.

- وەرە گەرماوەکەت نیشان بدەم بڕۆ خۆت بشۆ.

- نـا جـاریَ زۆر مانـدووم، تۆزێـك ڕادەکشـێم سـەرخەوێک دەشـکێنم، دوێنـێ شـەو لە خۆشـی ئـازادبوونم خەو بە سـەر چاومدا نەهاتووە.

نوێنەکەی خۆی بۆ ڕاخستم، نازانم چۆن هەر کە سەرم خستە سەر سەرین و خەوم لێ کەوت، بەڵام خەونێکـی زۆر سـەیرم بینی ( من و بـاران منـداڵ بـووین لەسـەر چیـایەکی زۆر بەرز دەرۆیشتین، دەستی یەکترمـان گرتبـوو جـل و بەرگێکـی زۆر پۆشـتە و گەرمـمان لەبەردابـوو، بەفرێکـی زۆر سـەرتاپای چیـاکەی داپۆشـیبوو، ئەو دەسـتی لەنـاو بەفـرەکە دەنـا و دەیخـوارد هەنـدێکی هەڵگـرت لەنـاو دەمـی منـی نـا، منـیش خواردم و تۆپەڵەیەکی کرد و ویستی پـێم بـدات، بەڵام سـەیرم کرد دەستی ڕاستی ئەوەندە ڕەش و ناشرین بـوو، نـەمتوانی لە بە فـرەکە بخـۆم، لەگەڵ ئەوەش زۆر لێـی دەترسـام، ئەویـش هەرکە زانی لێی دەترسم، بە دەنگێکـی بەرز قاقـای دەکێشـا و پێدەکەنی لە شوێنەکەدا دەنگـی دەدایەوە گـوتی: دەوەن گیـان ترسای ئەوە دەستەوانەی ڕەشە لە دەستم دایە.

(پێکەنینەکەی زۆرتر زۆرتر دەبوو، فشاری دەخستە سەرم، کە بە تۆبزی تۆپەلە بەفرەکە دە زارم باوێت، منیش لە ترسان ڕاچڵەکیم و بە خەبەرهاتم)

چاوم کردەوە و لە پەنجەرە بچووکەکەوە سەیری دەرەوەم کرد، دونیا بەرەو تاریکی دەچوو، باران لە دوورەوە زەلفێکی پێبوو بەرەو ماڵ دەهاتەوە.

لە جێگەی خۆم دانیشتم بیرم لە خەونەکەم دەکردەوە لە ناکاو باران هاتە ژوورەوە.

- ئەوە چییە کاکە گیان چیت بەسەر هاتووە، دەڵێی یەک هەفتەیە نەخەوتوویت، هەر حەزم دەکرد خەبەرت کەمەوە بەڵام ئەوەندە پڕخەت دەهات، دڵم نەهات خەوەکەت لێ تێک بدەم، دەی بڕۆ ئاوێک بەدەم و چاوتدا بکە و هەوایەک هەڵمژە، تا دێیتەوە منیش خوانێکی دووقۆڵی خۆش، ئامادە دەکەم.

هەڵسام بەرەو حەمامەکە چووم دەموچاوم شووشت، زۆرم حەزم دەکرد خەونەکەی بۆ بگێڕمەوە،بەڵام کە بیرمکردەوە تازە

ئەوم ناسیووە، باشتر وایە هەر باسی نەکەم و لە بیر خۆمی بەرمەوە، چونکە ئەو خەونانەی کە لە زینداندا دەمبینی، هەمیشە حەزم دەکرد بۆ هاوڕێکانم بگێڕامەوە، ئەوانیش هەریەکە و لێکدانەوەیەکی خۆیان بۆ دەکردم، زووزووش دەیانگوت: دەوەن بە خەونەکانتەوە دیارە بەم زوانە ئازاد دەکرێیت.

ئەم ئێوارەیە یەکەم ژەمەمان بەیەکەوە خوارد، باران چێشتێکی زۆر بەتامی ئامادە کرد بوو، بە ڕاستی زۆر خۆم شەرمەزار دەزانی بۆیە گوتم: برای خۆم ئەوە من ئەمڕۆ میوانی تۆم، بەڵام ناکرێت من وا لەگەڵت بمێنمەوە، گەر شتێکم بۆ بکەیت منیش وەک تۆ لەم کارگەیە کار بکەم، مەمنونت دەبم.

- ئەوە چی دەڵێی بە قوربان زاڵم شەرمەزارە حەزناکەم بەم جۆرە بیر بکەیەوە، بەڵام بێ خەمبە لە بەیانی زوتر نییە، بە بەڕێوەبەر دەڵێم کارێکت پێ بسپێرێ، بێگومانبە قسەی من ناشکێنێت، چونکە من دەمێکە لەو کارگەیەم و بە دڵسۆزیی کاری خۆم دەکەم و زۆری خۆشدەوێم. تۆ واز لەم باسە بێنە،

ئەمڕۆ زۆر خەوتوویت و گەر تا بەیانیش بێت منـیش ئامـادەم گوێت لێ بگرم، حەز دەکەم باسی ژیانی خۆتم بۆ بکەیت، بە هەڵەش لێم تـێمەگە، لێـرە بە دواوە ژیانـت لەگەڵ مـنە، وەلـێ حەزدەکەم بزانم ڕابردووت چۆن بووە.

- باشە با لە نوکەوە بۆت باس بکەم، بەڵام پێم باشە لە ئێستاوە بچیت دەستە حەبێک بۆ خۆت بکڕیت. (بەسەرسامیەوە )

- بۆ....حەب....بۆ چیمە؟!

- بووەستە بووەستە بۆ وا پەشۆکاویت بێگومان تـا کۆتـایی بـە چیرۆکەکەم دێنم ژانەسەر دەتگرێت.

بەیەکەوە ئەوەندە پێکەنین بیرم نایەت لە کەیەوە وا پێنەکەنیوم.

## دەوەن لە سەردەمی منداڵیدا...

ئێمە لە گوندێکی بچووکی دووره شار ژیانمان بەسەر دەبـرد، تـا بڵێـی خـۆش و دڵگیـر بـوو، خانوەکـانی لە خشـت و دار دروست کرابوون. پڕ لە کانی و دەغڵ و دان بوو، ڕووبارێکی گەوره بەلای ماڵەکەمان دا ڕەت دەبوو، هێندەی تر دیمەنەکەر ڕازاندبووەوە.

من لەگەڵ دایک و باوکم لە خانوێکی بچووک دەژیاین، بەڵام لەوەتەی فامم کردوە هەمیشـه گـوێم لە شـەڕ و دەمـه بۆڵەیـان بووە، زۆر حەزمدەکرد تەنیا جارێک بە تەبایی بیان بیـنم، بەڵام داخـی گـرانم بـۆ سـاتێکیش نەمبینـی، نـازانم بـۆ ئەوەنـده دەمەقاڵیان بوو، دایکم هەموو کاتێ بە بـاوکمی دەگـوت: تـۆ هیچـت پێناکرێـت، ببیـنه بـراکەت مناڵەکـانی لە چ نـاز و نیعمەتێک ژیان بەسەر دەبەن، هەر لە زیرەکـی خـۆیەتی بـۆته کێخوای گوند، تۆ نەبێ، ئۆف، یاخوا گورگ لەناوت بەرێـت لەگەڵ مەرو بزنەکانت.

منیش خۆم بە دەفتەر و کتێبەکانم خەریک دەکرد، بەڵام کە شەڕەکەیان تیرتر دەبوو، لە ترسان زوو کتێبەکانم دەخستە نێو تەلیسەکە و دەمشاردنەوە، چونکە باوکم زۆر ڕقی لە خوێندن بوو، هەر کە یەکەم ساڵ خوێندنگە لە گوندەکەمان کرایەوە حەزی نە دەکرد بخوێنم، بەڵام لە ڕقی منداڵە براکانی منی بۆ خوێندن نارد، لەبەر ئەوەی خۆی و براکەی ناحەزیەکی زۆر لە نێوانیاندا هەبوو.

لەو ڕۆژەوەی من و سنەوبەری کچە ئامۆزام لە نێزیک ڕووبارەکەی ماڵەکەمان یاریمان دەکرد، بیرمە ئەو کاتەی هەموو منداڵەکانی دێیەکەمان سەرەو دوو قوتومان پەت پێوە دەخست و دەمانخستە بن پێمان و پێی دەرۆیشتین و پێشبرکێمان دەکرد، من و سنەوبەر ئەو یاریەمان دەکرد، کاتێ نۆرەی ئەو هات زۆر بە توندی لە دەم ڕووبارەکە، نێزیک دەبووەوە منیش بانگم کرد: مەچۆرە ڕۆخی ڕووبار مەترسیدارە، سنەوبەر با نەکەویت. ئەو بە گوێی نەکردم ویستم پاتەی بکەمەوە، لەگەڵ دووبارەکردنەوەم ئەو کەوتە

خـوارەوە و قیـژەی لـێ هەڵسـا، بـۆ لای ئـەو ڕامکـرد چونکـە شـوێنەکە زۆر بەرزبـوو، پێیـی نەدەگیشـتم و نەمتـوانی دەری بێنم، ئەو دەگریا و هاواری دەکرد، زانیم هـیچم پـێ ناکرێـت بۆیە بە ڕاکردن بەرەو ماڵ ملـم نـا، بەختـی مـن بـاوکم بە بێـڵ خەریکی خـاوێنکردنەوەی جـۆگەڵە بـوو و جۆمـاڵی دەکـرد، هەرکە بە پەلە گەیشتمە لای، ئەو منی بەم شـێوەیە بینـی زانـی شتێک بووە، خۆی ڕاست کردەوە گوتی: چی بووە کوڕە چی قەوماوە؟

منـیش لە ترسـان هەرچۆنێـک بـوو بە یەک دوو وشـە تـێم گەیاند، باوکم بە هەردوو دەست لەسەری خۆیدا.

- ئەی هاوار فریامان کەون.

کـۆمەڵێ پیـاو لەوێ بـوون هەموویـان بە ڕاکـردن لەگەڵـمان هــاتن، بەڵام بێســوود بــوو، کاتێــک بینــیمان دەســتێک و کراسەکەی لە دەرەوە دیاربوو، بە هەر حاڵ هەموویان هەوڵـی زۆریاندا بە زیندووی دەری بێنن، بەڵام هەوڵەکەیان بـێ ئاکـام بوو، سنەوبەر خنکا و گیانی لە دەست دا. هەر ئەوەنـدم زانـی

ئامۆژنم و کچەکانی بە لەخـۆدان و قیـژە بەدەر کەوتـن، بەڵام نازانم بۆ باوکم کەوتە گیانی مـن ئەوەنـدەی لێـدام بە شـەق و مسـتەکۆڵە هەموویـان وایانـدەزانی مـن وام کـردووە و پـاڵم پێوەناوە بۆ ناو ڕووبارەکـە و مـن خنکاندوومـە. هەریەکە و بە جۆرێ تۆمەتباریان دەکردم منیش لەتاو ئازاری گیانم لەهـۆش خۆم چووم.

کـاتێ چـاوم کـردەوە بینـیم لەنێـو کـۆخی مـاینەکەی بـاوکم کەوتووم، ئەوەنـدە تاریـک بـوو زۆر بەزەحـمەت دەوروبەری خۆمم دەبینی، سەرم لە گێژداچوو تۆزێک بیرم کـردەوە ئینجـا زانیم بۆ لێـرەم گیـانم زۆر ئـازاری هەبـوو، تەکـانێکم دایە بەر خـۆم چـوومە لای دەرگەکە و تـۆزێ دەرەوەم لـێ دیـاربوو، بەهەردوو دەستم لە دەرگەم دەدا و هـاوارم دەکـرد: دەرگەم لـێ بکەنەوە من بێ تاوانم، باوکە بۆچی منتان هێناوەتە ئێرە.

ئەم ڕستەیەم دووبارە دەکردەوە، ئینجـا پیـاوێکی زەبەلاح هـاتە بەر ئەو کلێنەی دەرەوەم تێدا دەبینی گوتی: دەمت داخە کوڕە،

تا وەك قەسەر نەمكوتیووی، سوپاسی خودا بكە نەیان خستیە هەمان ڕووباری ئەو كچەت تێ هاویشتووە، هەی سەگسار.
كە گوێم لێبوو لە جێگای خۆم دانیشتم و زۆر گریام، بۆ حاڵی خۆم نا بەڵكو سنەوبەرم بیرهاتەوە و داخم بۆی دەخوارد، چونكە كچە مامەكەم زۆرم خۆشدەویست، بەم جۆرە سێ ڕۆژی تازیە منیش لە كۆخەكەدا بەتەنیا مامەوە وەك ئاژەڵ نان و ئاویان پێدەدام و ئینجا هەمان پیاوە كە یەكەم ڕۆژ كە قسەی لەگەڵ كردم، دەرگەی لێكردمەوە و جێی هێشتم، لە مرۆژە بە دواوە كە بەنێو گوندەكەمان تێدەپەریم، لای خەڵكی هەزار و یەك توك و نزام لێ دەكرا، بە چاوێكی سوك تەماشایان دەكردم، تەنانەت دایک و باوكیشم نەیان دەدواندم، ئەو شوێنەی لام خۆشترین جیگە دونیا بوو، لێم بوو بە دۆزەخ.
دوو مانگ بەسەر ئەم ڕووداوەدا تێپەڕی ڕۆژێک خەریكی خوێندن وانەكانم بووم، گوێم لێبوو باوكم بە دایكمی دەگوت: چەند جارم پێ گوتی با ئەم كوڕە واز لەم خوێندنە

بێ مانایەی بێنێت، بچێت ئیشێک بکات، بەسە گەورەبووە هیچ نەبێت با لەو دێیەی دەوروبەرمان ببێ بە شوان، یا دروێنە بکات. بە بیستنی ئەم قسانەی فرمێسک لە چاوانم دەڕژا وام دەزانی ئەوان بەو قسانە دەیانەوێت ڕۆحم بکێشن، باوکم هاتە ژوورەوە و دڵڕەقانە دەستی دایە کتێبەکانم و هەمووی خستە نێو سۆبای داران، هەرچەند خۆم بەدەستەکانیدا شۆڕ کردبووەوە دەنووزامەوە و هاوارم دەکرد:

- تخوا باوکە مەی سووتێنە، من حەز دەکەم بخوێنم.

بەڵام بێ سوودبوو مستە کۆڵەیەکیشی لێدام گرماندی:

- لە بەیانی زووتر نییە دەبێت لەمماڵە بچیتە دەرەوە کارێک بکەیت ئەگەرنا خۆم دەزانم چیت پێ دەکەم.

ئەو ڕۆژە ئەوەندە گریام نانی ئێوارەشم بۆ نەخورا، دەستم دایە نوێنەکانم و بردم لەسەر بان خەوتم، زۆر خەوی ناخۆشم بینی جار نا جارێ ڕادەچڵکیم لەسەر بان خەو بردمیەوە، چونکە زۆر نزیک بووم لە لێواری ڕۆخی بانەکە، بۆیە شەو کە خەوم گەرم ببو خۆم هەڵگێڕو وەرگێڕ کردبوو، بە هۆیەوە

لەسەر بان کەوتمە خوارەوەو لە هۆش کەوتم و ئاگـام لەخـۆم نەما.

بەیـانی کە هەڵسـام خەڵکێکـی زۆرم بینـی بەسـەر سـەرمەوە وەستابوون، هەریەکە و قسەیەکیان دەکرد، بەڵام هێندە وڕببوم هیچیـان لـێ تێنەدەگەیشـتم. یەکـێ وسـتێ هەڵمگرێـت نەمهێشت گوتم: حاڵم باشە.

بینـیم دایکـم و بـاوکم لەنـاو خەڵـکەکە بە هەڵـداوان بەدەر کەوتن، کە باوکم منی بینی هیچم لێ نەهاتبوو، تـۆزێ سـەرم شکابوو هەمدیساندەستی بە لێدانم کرد.

- ئەوە لەبەر دوێنێ وای کردوە تا بۆ کار نەینێرم.

منیش نرکەیەکم کرد و گوتم باوەگیان ئەمە... قسەکە پێ بڕیم و هـاواری کـرد: لەبەرچـاوم ونـبە هەی سـەر زڵ، گەرنـا بەم دەستانەم دەتخنکێنم، چاوی لێکەن، دیوتانە منداڵی ئەو زەمانە لەبەر دوو قسەی باوکی بڕیاری خۆ کوشتن بدات.

لەگەڵ ئەو قسانەی زیاتر بەسەروگێکی دەکێشام، تا پیـاوێکی خێرخواز منی لە چنگی ئەو ڕزگار کرد،

منیش هەر ئەمەم پێکرا بە ڕاکردن لە مـاڵەکەم دوور کەوتمەوە، بەڵێ بەم شێوەیە مـاڵەکەمم جـێ هێشـت، لە ڕێـگەدا ئەوەنـدە مانـدوو هـیلاک بـووم، خۆشـم نـازانم بە پێـی پەتی و زگـی برسی چۆن چۆنی گەیشتمە ئەم شارە.

باران چاوی بە فرمیسک تەڕببوو و دڵنەوایی کردم و گوتی:

- گوێ مەدەرێ دەوەن گیان، خۆزگە من بۆ تەنها جارێ دایک و باوکم بینیبوایە، ئینجا گیانیشم دەرچووبوایە قەیـدی نەبـوو. (قسەکەیم پێ بڕی)

- وامەڵێ کاکی خـۆم دەزانـی ئەوان چیـان بەسـەر هێنـام، بـۆ تەنها جارێ دەستی سۆز و خۆشەویستیان بەسەردا نـەهێناوم، تا هەست بە بوونیان بـکەم، هەر لەبەر بـێ کەسـی ئەوان بـوو کەوتمە بەندیخانە.

قسەکانی خۆم پێ تەواو نەکرا وفرمێسک ڕێگەی پێ گرتم.

- باشە بۆ ژیانێکی ڕابردوو ئەوەندە خـۆت ئـازار مەدە، دەچـم پەرداغێك ئاوت بۆ دەهێنم.

بۆ ڕۆژی دواتر باران چوو بۆسەر کـارکەی منـیش کاروبـاری ناوماڵەکەم ڕاپەڕانـد و هەمـوو مـاڵەکەم کـۆکردەوە و خـاوێنم کـردەوە و نـانی نیـوەڕۆم ئامـادەکرد، کاتێـک بـارن گەڕایەوە سەری سـوورما و گـوتی: تـۆ زۆر کەسـێکی لەش سـووک و بەدەست و بردی چۆن تونیت ئەم هەموو کارەبکەیـت مـن وام مەزندەکرد، بە هۆی نەخەوتنـی دوێنـێ شـەوە وە تـا ئێسـتاش لەهەر لە سەرجێگەکەت و لە خەودابیت. بەڵام دیارە مـن داوم بە دوای هاوڕێیەکی زیتەڵ و ئیشـکەر بـووە خۆشـحاڵم بەمە. دوانی خواردنی نان و چـا، بـاران گـوتی: زۆر بەپەرۆشـم بـۆ چیرۆکی ژیانی تۆ، ئێسـتا کـاتی ئەوەیە دەسـت پێبکەیـنەوە و دڵی خۆتم بە تەواوی بۆ بەتاڵ کە.

# ناسینی سروشت...

هەرکە گەیشتمە بەر قەمتەری شار، ئەو کاتە بۆ من گەلێ ناخۆش و پڕ بەئازار بوو، بیر بکەوە دەبێ بۆ مێردمنداڵێکی پازدە ساڵان چەندە زەحمەت بووبێت تازە بۆ یەکەم جارم بوو ئەم شارە ببینم، نەک هەر ئەمە بەڵکو لە دێیەکەی خۆمان زیاتر هیچ شوێنێکی ترم نەبینی بوو. ئایە دەبێ سوودی ئێمەی مرۆڤ چی بێت، گەر خودی خۆمان بە چاکی بوونیاد نەنێین، یانی هەر ئێسک و گۆشتبین و تەواو واتا مرۆڤ بوون ئەی هەست و سۆز و بەزەیی گەر نەمانبوو، چ جیاوازیەکمان هەیە لەگەڵ ئاژەڵان.

نازانم ئەو دەمەی کە لە کوچە و کۆڵانەکان دەسووڕامەوە چاوەڕێی لەتێک نانم دەکرد، یەکێک فڕەیبدایە و منیش هەڵیگرمەوە، یان ئەو شتە بۆگەن و و تێکچوانەی دوکاندارەکان دەیانڕشتە نێو زەباڵە و دەمخواردن.

نازانم ئەو پیرە پیاوە چی بوو لێم بوو بە خدری زیندە، کاتێ منی بینی لە بن سووچێکی کۆڵانێک دانیشتبووم سەیری ئەو

منداڵانەم دەکرد کە یاریان دەکرد، چاوەڕێی ئەوە بوون دونیا تاریک بێت و بەرەو لانەکانیان بگەڕێنەوە. ئەو ماڵانەی کە هەر یەکە و بۆنی چێشتی گەرمی لێ دەهات، یاخود بچنەوە باوەشی دایک و باوکێکیان و هەرنەبێت لانەیەکی وێرانیش بێت، ئەوان تێیدا ئاسوودەن.

پیرە پیاو لێم هاتە پێشەوەو دەستی لەسەر سەرم دانا:

-چۆنی ڕۆڵە.

دەنگم بەتەواوی شکابوو، متەقم لێوە نەهات، ئەو هەردەیپرسی:

- بۆ تۆش یاری ناکەی؟

من تەنیا سەیری چاوەکانیم دەکرد، بۆ من زۆر قورسە، کە هیچم نییە بۆ گوتن و نازانم چیی پێ بڵێم.

- حەزت لێ نییە، یان وا دەزانی کە یاریکردن شتێکی بێ مانایە، دەزانم لە چاوەکانت دیارە تۆ کوڕێکی زیرەکیت، ناتەوێ خۆت بەشتی پڕو پوچ خەریک بکەیت وانییە؟

لەبرسان هەرچەند کردم نەمتوانی وەڵامی پرسیارەکانی بدەمەوە، تەنیا چاوەکانم لەسەر چاوی هەڵنەگرت و ورد دەمڕوانی، تۆزێک بێدەنگ مایەوە و درەنگی نەکرد.

- تۆ دەزانی قسە بکەیت؟ یانی گوێت لە من نییە؟

منیش لەگەڵ قسەکانی دەستم بە گریان کرد، بڕوابکە ئێستاش دەنگی گریانی خۆم لە بن گوێچکەم دەزرینگێتەوە، بۆیە ئێستاش لەگەڵ دابێت هیچ کات حەز ناکەم گوێم لە گریانی خۆم بێت.

ناچار بووم جلەویی خۆم لە دەستدا و دامە پڕمەی گریان، پیرە پیاو سەری منی خستە باوەشی خۆی و بۆ دڵ نەوایم دەیگوت:

- نا مەگریێ ڕۆڵە خەفەت مەخۆ، لێت تێگەیشتگم دەزانم لە چاوەکانت ئازار و بێکەسیت دەبینم. هەرکە ئەمەی گوت من سەرم هەر لە باوەشی ئەو دابوو، دەنگی گریانم بەرزتر دەبوو، خۆشم نەمدەزانی نە دڵم بەخۆم دەسوتێت و نە لەخۆشیان دەگرییێم، چونکە هەرگیز ئاوا خۆمم نەبینیبوو کە سەرم لە

باوەشی هیچ مرۆڤێکی بێت و نازم بکێشت، تەنانەت کەسێک کە لە تەمنی باوکم بێت و سۆزی بۆ من ئەو کەلێنەی نـاخمی پڕ دەکرەوە کە وام هاتە بەرچا و کە ئەمە بەڕاستی باوکم بێـت، بۆیە بۆیە لە دڵەوە قاقا پێ دەکەنیم.

ئەو دەستی گرتم و بەرەو ماڵی خۆی بردم، نـازانم ئەو کـاتەی دەستم لەنێو دەستی دابـوو، بڵـێم هەسـتم بەچـی دەکـرد، وام دەزانی تەنها من لەم جیهـانەدا گـوزەردەکەم، خـاوەنی هەمـوو شتێکم. بەڵام گەر بیریشی لێ بکەیتەوە، ئەوە بۆ مـن گەلێـک لەمە گەورەتربوو، کە من چاوەڕێم کردبێت، ڕەنگە مرۆڤەکـان وا بزانن تەنها شتی ماددی و مولک و ماڵ بۆ مـرۆڤ سـوودی هەیە و چێژیان پآ دەبەخشێت و تامەزرۆی بـن، نەخێـر وانییـە بەڵکو مرۆڤێکی شەڤۆیی و سەرناس و دەروونناس، سـوودی ئایدیالیستیەکەی لە ماتریالەکەی بۆ من زۆر گونجـاوتر بـوو، لەو کاتەدا من زۆتر پێویستم بە ئاسوودەیی دەروونی پتر بـوو، نەوك تەنیا لە پاراستنی سەرما و گەرما و وەرگ پڕبوون.

گەیشـــتەیە بەردەم مـــاڵەکەی خـــانووەکەی پێکهـــاتبوو لە حەوشـــەیەکی بچـــووک، لە وێشـــەوە چەنـــد ژوورێـــک بەسەریەکیان دەڕوانی، ئـێمە بەیەکەوە چـووینە ژوورەوە، ئـای چ دیمەنێکی جوانم بینی، پیرەژنێک دانیشتبوو لەگەڵ کوڕێك کە هاوزەی خۆم بـوو، کـوڕەکە جانتـای قوتابخـانەی لابـوو، کتێبەکـانی بە ژوورەکەدا پەرش و بـڵاو کردبـووەوە، دیـاربوو وێنەی نێو کتێبەکەی نیشانی پیـرەژنەکە دەدا، هەر لە خـۆمەوە دڵم زۆر پیان خۆشبوو، ئەوان لەگەڵ چوونە ژوورەوەی ئـێمە، سـەریان هەڵبـڕی و سـەیرییان کـردین، پیـرە پیـاو هـاتە دوان گوتی:

- کوڕەکەم ئەوا برایەکم بۆ هێناویت تـا چیـتر پـێم نەڵێـی مـن تەنیام و بێ تاقەت دەبم، دەی جارێک کتێبەکانت کۆکەرەوە.

کــوڕە زۆر سەرســام بــوو، لەگەڵ پیــرەژنەکە بە یەک دەنــگ گوتیان

- ئەمە کێیە !؟

پیرەمێردەکە لەسەرخۆ و بە خەندەوە وەڵامیدانەوە.

- جارێ بووەستن پەلە مەکەن، پێی بڵێن بەخێـر بێیـت، دواتـر تێتان دەگەیێنم.

ئینجا بەخێر هاتنیان کردم و وستم وەڵامیان بـدەمەوە، کەچـی پیرە پیاو دڵـی پـێم سـووتا زووتـر بـارودۆخەکەی خەملانـد و گوتی:

- بەڵام ئەو نازانێت قسە بکات، واتا ڕەنگە لە جگـماکەوە لاڵ بێـت، هێنـاومە ببـێ بە کوڕمـان و لەگەڵ ئـێمە بژییێـت، تـا کەسێکی لـێ پەیـدادەبێت و سـۆراغی دەکـات. پاشـان ئێـوە گوتی: ئێوە ڕاتان چییە؟

هەر کە ئەمەی گوت کوڕە هاتە لام و باوەشی پێدا کردم:

- تخوا باپیرە بە ڕاست دەڵێی ئەمە دەبێتە برای من.

باپیرە ڕووی تێکردم:

- تۆ ڕات چۆنە حەز دەکەیت لە گەڵمان بژیت؟

کە گەێم لێبوو پـڕ بەدڵ حەزم دەکـرد وەڵامـی بـدەمەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ قسەم نەکردبوو وا تێگەیشـتبوون لاڵـم بـۆیە نەمتوانی هیچ بڵێم سەرێکم بۆ لەقاند.

ئینجا پیرەژنەکە لەگەڵ پیرە پیاو هەندێک قسەیان کرد داپیرە لێم هاتە پێشەوە و سەری ماچ کردم.

- کوڕەکەم بۆ لەمەو دوا تۆش دەبیت بە کوڕی ئەم ماڵە و هیچ جیاوازیەکت لەگەڵ سروشت نییە، باشە ڕۆڵە.

ئەوەندە بە دەنگی بەرز قسەیان دەکرد، لە ناخەوە پێکەنینم دەهات بەڵام لەبەر بێ بەخت و نەگبەتی خۆم نەم دەتوانی دەریبرم.

بەم جۆرە کەوتمە ئەم ماڵە، بەڵام هەر بە کوڕێکی لاڵ و نەقوستان لێم تێگەیشتبوون، زۆر بۆم زەحمەت بوو، هەندێ جار حەزم دەکرد پڕ بەدەم هاوار بکەم و بقیژێنم بڵێم منیش زمانێکم هەیە، دەتوانم قسە بکەم، بەڵام کە بیرم دەکردەوە دەمگوت نا با لێم تورە نەبن و لە ماڵ دەرمکەنە دەرەوە ئەو کات منی بێچارە ڕوو لە کوێ بکەم. بۆیە زوو پاشگەز دەبوومەوە، تا ڕادەیەکی باش جێگەی خۆم لەناو دڵیان کردبووەوە.

بەیانیان سروشت دەچوو بۆ قوتابخانە من بە تەنیا لەگەڵ نەنە دەمامەوە، پاش نیوەڕۆش لەگەڵ سروشت دەچووم بۆ ماڵە دەوڵەمەندێک کە ئەو لەوێ کاری دەکرد و منیشی لەگەڵ خۆی دەبرد.

ئێمە وەک دوو برا سەیری یەکترمان دەکرد، خۆشەوستیەکی پتەو لە نێوانماندا هەبوو، بەڵام ڕەفتار و کردەوەکانی زۆر لەگەڵ من جیاواز بوو.

ئەو ماڵەی کارمان بۆ دەکردن ژن و پیاوێک بوون منداڵیان زۆر بوو، بهەموویان چووبوونە سەر ڕێی خۆیان، ئەوانیش مامۆستا بوون دەچوونە دەرەوە، من و سروشت بە تەنیا لەماڵ دەماینەوە لەگەڵ مام سەفەری باغەوان کە هەمیشە سەری دەبردە نێو گوڵەکان و ڕێکی دەخستن هیچ کات قسەی نەدەکرد، گەر سڵاومان لێکردبایە ئەوە بە دەگمەن وەڵامی دەدایەوە، هەرگیز نەدەهاتە ژوورەوە هەر لەنێو باغەکەش دەخەوت، وابزانم ژنەکە پێی گوتبوو نەچێتە ژوورەوە، چونکە هەمیشە جلەکانی پیس و تۆزاوی بوون.

ڕۆژێـك لەگەڵ پـاککردنەوەی مـاڵ گـۆزەیەکی شووشـەم لە دەســت کەوتە خــوارەوە و شــکا، سروشــت زۆر پەشــۆکاو تۆزێک لە دیـار گـۆزەکە ڕامـا و ئینجـا بەپەلە چـووە نێـو بـاغ منیش بەدوایدا چووم وامزانـی بـۆ خاکەنـاس دەچـی تـا وردە شووشە شکاوەکان کۆبکاتەوە کەچـی بینـیم چـووە لای مـام ســەفەری بــاغەوان ئەو وەک هەمــوو کــاتێ لەســەر زەویەکە ڕاکشــابوو پێڵاوەکــانی لە لای خــۆی دانــابوون. سروشــت پێڵاوی ئەوی لەپێکرد و چـووە نێـو گـۆمە قوڕاوێـک و ئینجـا چووە ژوورەوە لای گۆزەکەو گەڕایەوە.

منیش بە دیاریەوە حەپەسابووم دوایـی بـۆم دەرکەوت دەیەوێ بوختان بە پیرەمێردی داماو بکات، منیش لێی چـوومە پێشـەوە و شانیم ڕاتەکاند، وستم قسە بکەم، باش بوو بە زۆر دانـم بـە خۆمدا گرت، بەهەر حاڵ تێمگەیاند لەگەڵ ئەوە دانیم بیخەینە ملی ئەو باغەوانە بێ گوناهە، بەڵام هەر چۆنێك بـوو بەیەکەوە بەدەمە بۆڵەی ئەو و دەست و ئامـاژی مـن گەڕاینـەوە مـاڵەوە. ئەو ڕۆژە بۆ مـن زۆر نـاخۆش بـوو، هەرگیـز خـۆم وا نەبینـی

بوو، لاشـەم ئەوەنـدە قورسـە تەنـانەت نـاتوانم خـۆم بە پێـوە ڕاگرم. ئەمە تاوانێکی زۆر گەورەیە هەرگیز لەبیری ناکەم، هیچ کات من حەزم لە زوڵم و درۆکردن نەبووە، بۆیە نـازانم چـۆن ئەو ڕۆژەم بەسـەر بـرد و شـەو خەو بە چـاوانم نەدەهـات هەر بیـرم لـەو بەزمـەی سروشـت دەکـردەوە، ئەو ڕووداوە وەک سینەمایەک لەبەر چاوم دووبـارە دەبـووەوە، هـەردووکمان بـە تاوانبار دەزانم، چون ئەوە من بووم گۆزکەم شکاند و بێدەنگ بووم و سروشتیش خستیە ملی کەسێکی تر، کەواتە ئێمە لـەم تاوانە هاوبەشین.

بەیانی کە لە خەو هەڵسام سروشت وەک ڕۆژان چووبـوو بـۆ قوتابخانە، من هەر لە ماڵ مامەوە نەمـدەزانی خـۆم بەچییـەوە خەریک بکەم، ئەم سەر و ئەو سەرم دەکـرد بە پەلەبـووم پـاش نیوەرۆ بێتەوە تاکو بچین بزانین لە کۆشـکدا چـی ڕوویـداوە. هەنـدێ کـات بەخـۆمم دەگـوت بچـم بـزانم مـام سـەفەریان دەرکـردوە یـان نـا، بەڵام زوو پاشـگەز دەبـوومەوە چـونکە بڕیـارێکی هەڵەبـوو، دوایـی دەیـانزانی ئـێمە ئەو پیلانەمـان

دارشـــتووە، مـــن لەم خەیـــاڵانەدابووم لە پـــڕ دوو ئۆتـــۆمبێلی پۆلیس لەگەڵ خاوەن مـاڵەکە هـاتن کە چـاوم پـێکەوتن، زۆر پەشۆکام و هەنگاوێك کشامە دواوە، بیرم کردەوە خودایە دەبێ ئەم گۆزەیە چی بێـت ئەم کێشـە گەورەی نـابێتەوە، ئەوان لـێم هاتنە پێشەوە، خاوەن ماڵ دەستێکی بۆمن ڕەوانە کرد:

- بیگرن گەورەم خۆیەتی ئەمە کوڕەکەیە.

کە گوێم لەمە بوو لە ترسان پڕ بەدەم هاوارم کرد:

- نا درۆ ناکەم من وام کرد، بەڵام ئەمە ناهێنی لەسەر یەك گۆزە شکاندن بێن و بمگرن.

کە خاوەن ماڵ گوێی لەدەنگم بوو گوتی:

- ئەی خوایە گیان خۆ ئەمە لاڵ بوو، بیگرن بە ئەنقەسـت وای لەخۆی کردبوو، بێگومانیشم هەر ئەو کوشتویەتی.

کە گوێبیستی وشەی کوشتن بووم، لە ترسان لە هـۆش خـۆم چووم.

کـــاتێ خەبەرم بـــووەوە لە نەخۆشـــخانە وەك زیندانییـــەکی دەستبەسەر بووم، پاش سـێ ڕۆژ بـۆم دەرکەوت لەسـەر چـی

گیراوم، کاتێ سروشت پێڵاوی مام سەفەری لەپێ کردبوو ئەو نەخەوتبوو، بەڵکو ئەو مردبـوو، یـان وردتـر بڵـێم کوژرابـوو، یاخود لەسەر دار کەوتبوو، من هیچیان نازانم دوای ئێمە، یان بەر لە ئێمە چی بەسەر مام سەفەر هاتبوو، تەنیا ئەوە دەزانم کە ئێمە لە رۆح دەرچوونی ئەو بێ ئاگـا بـووین، دوای ڕۆیشـتنی ئێمە و گەڕانەوەی خاوەن ماڵ خەبەری پۆلیس دەدات و پـاش ئەوەی کە ماڵەکەیان پشکنی و سیناریۆ فشەکەی سروشـت و وەقسە هاتنی من، کە پێشتر خۆم بە لاڵ و نەقوسـتان لە قەڵەم دابوو، تەواو لێم دڵنیا ببوون کە مـن یـان دەسـتم لـە کوشـتیدا هەیە، یان ئەوەتە بەرژەوەندییەکم لە نەمانی مام سەفەردا هەیە، بۆیە بە دڵی خۆیان منـی بەدبـەختیان بە تـاوانی کوشـتنی مـام سـەفەر بـۆ مـاوە بیسـت سـاڵ بە زینـدانی سـزادا، بەڵام خۆشـەختانە دوای دەسـاڵ بەر لێبـوردنی گشـتی کەوتـم و ئـازادکرام، گەرنـا دەبـوایە بە بـێ تـاوانی دەسـاڵی دیـکەش لە کونجی زیندان بەسەربەرم.

بەڵام ئەوەی لام سەیربوو بۆچی سروشتیان نەگرت و نازانم هی ئەوە بوو کە من هەموو شتێکم خستە ملی خۆم و یان ئەو لە دەرەوە شتێکی تری گوتووە، ئەوەیان نازانم چونکە نەک هەر ئەمە بگرە دە ساڵی زیندانیم تەواو کرد، ئەو بۆ تەنها جارێک نەهاتە سەردانم، بەڵام من ئەوەندەی بیری ئەوانم دەکرد و شەوانە بە یادی ئەوان سەرم دەنایە سەر سەرین ئەوەندەی بیری دایک و باوکم نەدەکرد.

- باران دەبێت بە دوایاندا بگەڕێم بیاندۆزمەوە، گەر پیرەژن و پیرە پیاویش مردبن خۆ سروشت ماوە.

- باشە بە قوربان با تۆ تەواو بێیەوە سەرخۆت، پەیمانت پێدەدەم، ئەو شارە هەموو بەیەکەوە دەگەڕێین، بەڵام خۆ ئەو کوڕە بووە هۆی گیرانی تۆ، دەبێت تۆڵەی بێبکەینەوە.

(زوو دەستێکم خستە سەر دەمی نەمهێشت ئەلفازی لە دەمەوە دەرچێت )

- ئەم قسەیە مەکە ئەویش لەخۆشەویستی من بوو وایکرد.

## گەیشتن بە کار و مانەوەم لەگەڵ باران...

ئیدی نازانم باسی چیت بۆ بکەم لە هەموو شتێ بێزارم، تەنانەت لە بوونی خۆشم، چونکە ناتوانم بە ڕەوانی قسەی دڵم بێنمە سەر زارم، هەرچی بڵێم وەک نەخشەی سەر بەفر وایە، گەر بڵێم حەزم لە ژیان نییە درۆ دەکەم، چونکە ڕۆح زۆر شیرینە گەر بشڵێم حەزم لێیە ئەوەش هەم درۆیە. واتا دەبێ لە کوێ وە دەست پێ بکەم، هەتا دێ ڕۆژەکانی ژیانم ناخۆشتر دەبن. هەست دەکەم ژیانم بەرەو گوم بوون دەچێ، بێ ئومێدی لە نێو چاوانم بەدی دەکەم، بۆیە تەنانەت چوونە پێش ئاوێنەشم لە ڕووخسارم قەدەغە کردوە، کاتێ یەکێک دەبینم پڕ بە دەم پێدەکەنێ، حەز دەکەم بچمە لای و لێی بپرسم ئایە چ شتێك هەیە ئەوەندە دڵی مرۆڤ خۆش بکات و ئازارەکانی بیرbباتەوە و خۆشی پێ ببەخشێت، من پێم وایە لەگەڵ بوونی من خەم وەک وەرداشی بوونم لەدایک بووە.

ئێستا حەزدەکەم ڕام بگۆرم گەر بتوانم ژیانێکی نوێ بۆخۆم دروست بکەم، بۆیە ناتوانم باسی ژیانی زیندانیم بۆت بکەم،

چونکە کە ناوی دێنم ئەوە لە ناو خۆیدا ئـازارێکی قورسـە و واتا خۆت دەتوانی چۆنت دەوێ ئاوا لە مێشکی خۆتدا وێنای بکەیت.

- دەی وا کاتژمێر چواری شەوە با بخەوین تـۆ بەیـانی دەچیـتە سەر کار با دوا نەکەویت.

-ئیتر بەسە ببوورە زۆر ئازارم دایت.

مانگێک بەسەر ئەم ڕۆژەدا تێـپەری مـن و بـاران وەک دوو بـرا ژیـانێکی زۆر خۆشـمان دروسـت کردبـوو، گەر بەیەکەوە هۆشمەندانە هەنگاو بنـێن، ئـەوە خۆمـان دەتـوانین نەخشـەی ژیانی خۆمان بونیاد بنێین، ئەوە بێگومان بە هەرگیز لە پـەراوێز و پەڕاگەندەی ئازارەکانی ژیان گوم نـابین، هـەر بۆیەشـە مـن پێم وایە مرۆڤەکان تا ڕادەیەک چارەنووس بۆخۆیان دادەڕێژن.

لە کارگەکەدا دامەزرام باران دەرگەوان بوو، منیش ئیشی پـاک کردنەوەم دەکرد، جارجارەش کارەکەمـان جێدەهێشـت لەلای یەکـتر کاتمـان بەسـەر دەبـرد، بەڵام ڕۆژ هەبـوو لەبەر زۆری خەڵک یەکترمان نەدەبینی تا دەچووینەوە ژوورەکەی خۆمـان،

هەرگیز لە کارەکانمدا کەم تەرخەمیم نەدەکرد، چـونکە ژیـانی بێکـاری زۆر سـەخت و گـرانە، هەمـوو کـاتیش بە خەیـاڵی ئەوەبـووم ڕۆژێـك سروشـت ببیـنمەوە، نـازانم بـۆ زۆرم خۆشدەویست وام دەزانی بەشێکی جەستەم ون بووە.

جارێـک پـاش ئەوەی ئیشـەکانم تەواو کـرد زۆر مانـدوو و هـیلاک بـووم، دەسـتم دایە سـەتڵ و فڵـچەکە بـبەمە شـوێنی خۆی، سـەیرم کـرد پـارچە کاغەزێـک لە و شـوێنە دانـدرابوو دەستم بۆ برد خوێندمەوە لەسەری نوسرابوو (دەوەن گیان بـڕۆ لای دەرگەی حەوشـــەکە لە دەســـتە ڕاســـت لە ژێـــر دار سـنەوبەرەکە شـتێکم بـۆت دانـاوە، لەبەر ئەوەی زۆر بەنـرخە لەلام نەمتـوانی لە جێگایـەکی تـر دایبنـێم، تکـا دەکەم پشـت گـــوێی مەخە) زۆر سەرســـام بـــووم، مانـــدووبوونم، لە بیـــر چووەوە، پاڵتۆکەم لەبەر کـرد و کەوتمە شـوێنی دیـاری کـراو هەر بیرم دەکردەووە، دەبێت بـاران چـی بـۆ دانـابم ئەی بـۆ بە خۆی پێی نە داوم.

کە گەیشتمە شوێنکەی ئەو لەوێش لـە هـەمان شـوێن نەبـوو، ئینجا گوتم دیارە دیارییەکی زۆر گرنگـی بـۆ کڕیـووم خـۆی حەزی نەکردووە ڕاستەوخۆ پـێم بـدات، بەم خەیـاڵانە تـۆزێ کــەف و کــووڵی دڵــم دامرکــایەوە، چــووم بــۆ لای دار سنەوبەرەکە بینیم زەلفێکی نامە لەوێ دانەندرابوو، بەڵام لە تنیا قووتـوێکی سـەر داخرابـوو، بەردێکـی لەسـەربوو، بەردەکەم لابرد و هەڵم گرت، دەستم دەلەرزی سەیری ڕاسـت و چەپـی خۆمم کرد، نـازانم بـۆ دڵـم زۆر لێـی دەترسا بـۆیە نەمتـوانی لەوێ بیکەمەوە، بردم لە بن دارێکی دوورتر دانیشتم و سـەری قوتوەکـەم کـردەوە زەلـفەکەی نـامەیەکی تێـدابوو شـکاندم کاخەزێکی نووسراوی تێدابوو دەستم بە خوێندنەوەی کرد.

## نامەی دۆزینەوەی سروشت...

بۆ برای خۆشەویستم دەوەن گیان دوای سڵاو ڕێزێکــی زۆری بــێ پایــانم، ئەم نــووسراوەم بــۆ نووســیووی زۆر دەمــێکە دەمەوێت پێت بـدەم بەڵام ئەوەنـدە شـەرمەزارم تەنـانەت ڕووم نەدەهــات بیتبیــنم و تەنانــەت پێویســت ناکــات منیشــت بکەوێتەوە یاد، هەرچەند بێگومانم لەوەی تۆ منت قەت لە بیـر ناچێــت چــونکە بــووم بە دەردە ســەریەکی زۆر و زۆر هەڵەم بەرامبەرت ئەنجامدا، من بـوومە هـۆی لە نـاوچوونی تەواوی ژیانت، هەرچەند دەزانم خـۆت لە ژیـانی خـۆت زۆر بـآ نەوا بوویـت، بەڵام مـن هێنـدەی تـر تەفروتونـام کردیـت، لە بـڕی ئەوەی بەڵێنم پێت دابوو، کە وەك برا بژین و هەرگیز لە یـادت نەکەم، بـەڵام ئەفسـوس مـن زوو بەڵێـنەکەم شـکاند و ژیـانتم شێواند، حەزیشم نەدەکـرد بە هـیچ جۆرێـک سـۆراغی منـت دەست کەوێـت، بەڵام ئەمـانەم بـۆیە بـۆت نووسـی تـا بزانـی چەند پەشیمانم، بۆ ئەوەی نابم بەخشیت.

گەر لەم ژیانەش نەبیٚ ئەوە بۆ دونیای داهاتوو کە چاوەڕێمان دەکات، بڕوام پێبکە ئێستاش هەر خۆشم دەوێیت، لە یادت ناکەم کاتێک دەتبینم بەرەو کارەکەت دەڕۆی حەز دەکەم وەک ڕۆژانی ڕابردوو لە باوەشت بگرم. هەر جارەی دەتبینم لە مێشکی مندا خانەیەک داگیردەکەیت و دەبیت بە فیلمێکی یادەوەریم و ڕۆژانە شریتێکە و هەمیشە دووبارە دەبێتەوە. هەموو ئەو کاتانەی دەتبینم دەمەوێت لە باوەشت بگرم، بەڵام حەز ناکەم تۆ بمبینیت چونکە ئێمە دوو برای زۆر جیاوازین، ئەوەش خەتای من بوو، بێگومانم گەر بەرووەڕووشم بێیت نامناسیتەوە.

بۆیە تکات لێدەکەم وەڵامم بدەووە و لەسەر پارچە کاغەزێک لە هەمان شوێنی ئەمە داینیٚ و جێیبهێڵە و من لە کاتێکی گونجاو هەڵی دەگرم، تکا دەکەم بێئومێدم مەکە، گەر دەتەوێت دڵم لە زیندانی وێژدانم ئازاد بکەیت، بەهیچ جۆرێک دوام مەکەوە و لە کاتی بردنەوەی نامەکانم چاودێریم

مەکە، گەرنا بۆ هەمیشە نە مـن و نە نـامەی دیـکەت بەدەسـت دەگات.

برات سروشت

کە لە خوێندنەوەی نامەکە تەواو بـووم، هەسـتم بە تەڕ بـوونی کاغەزەکە کرد، فرمێسک لە چاوانم بە ڕێچکە دەهاتنە خوارەوە ئەوەندە گریام لە خۆشی ئەوەی کـە زانـیم ئێـتر سروشـت لـە ژاندا ماوە، لە ڕوویێکیشەوە بۆ ئەو دڵە مهربانەی ئـەو دەگریـام کە لـە بەرامبـەرم هەسـت شـەرمەزاری دەکـات و نایەوێـت بمبینێت و چاوی بە چاوم بکەوێت، کەچـی ئـەو نـازانێ مـن هەموو هیواییێکم تەنیا دۆزینەوەی ئەو بوو.
هەر ئەو کاتە بڕیارمـدا بچـمەوە مـاڵەوە جـوانترین نـامەی بـۆ بنووسـم هەرچەنـد حەزم نەدەکـرد لە حەوشـەکە دوور بـکەومەوە، هەسـتم دەکـرد چاوەکـانی لە هەمـوو شـوێنێ بەجێماوە و سەیرم دەکات بۆیە تۆزێ بە دەوری خۆمـدا گەڕام ئینجا گەڕامەوە ماڵەوە.

کـــاتێ گەڕامەوە بـــاران خەوتبـــوو خـــواردنی کـــڕی بـــوو، لەوێدایینابوو، چونکە چیشتی دروست نەکردبوو زانیم کە ئـەو نەخۆش کەوتووە، چونکە تا بڵێی کوڕێکی ماندوو زەحمـەت کێش بوو.

کاغەزێکم هێنا هەتا بـڕوام بە پەنجەکـانی خـۆم نەدەکـرد کـە نامە بۆ سروشتی ئەزیزترین کەسم دەنووسێت.

## وەڵامی نامەکەی سروشت...

سروشــت گیــان ســەرەتا خۆشــم نــازانم چــۆن خۆشــحاڵی خۆمت بۆ دەربــڕم کە نامــەی تــۆم خوێنــدەوە، بە ڕاســتی زۆر دڵخۆشــم وا هەســت دەکەم جــارێکی تــر بــۆ تــازە لە دایــک دەبمەوە، بەڵام دڵــتەنگم بەوەی تــۆ منــت بینیــوە و ڕاســتەوخۆ نەهاتیتە لام، دیارە کە نازانی چەند شێت و شەیدا بینینی تۆم و چەندە بۆت پەرۆشم، چەند بە دوواتــدا گەڕام و سۆراغتم لــە هیچ جێگاییــەك دەســت نەکەوت. حەز نــاکەم ئیــتر خــۆت بە شەرمەزاری من بزانیت تۆ بەرامبەر بە مــن هیچــت نەکــردووە، هەتا ئەگەر کردبیشــت تــۆ بــووراوی خــۆت دەزانــی مــن هەر ئێــوەم هەیە و لــە ئێــوە زیــاتر کــێ شــك دەبــم، گەر دەزانــی شەوانەی زیندان چەند بە خەیاڵی ئێوە نووستوم، من لە دڵــەوە بۆت دەنووسیم، تکایە تکایە خۆت لێم مەشارەوە ئیتر بەرگەی دوورت ناگرم، جــارێکی تــر تکــا دەکەم گەر ئەم نــامەیەت بە دەست گەیشت چیتر چاوەڕێی نامەی تۆ نیم یەکسەر وەرە لام بــڕوابکە تــۆم لە ڕۆحــی خــۆم خۆشــتر دەوێــت. ببــوورە

بیرکردنەوەکانـــت هەمـــووی هەڵەن حەز دەکەم بزانیـــت گەر خۆشتم لـێ ون کەیـت، ئەوە هەتـا لەتوانامـدا هەیە بە دواتـدا دەگەڕێم تا کۆتایی تەمەنم......

بەهیوای بینینتم سەلام لە داپیرە و باپیرە بکە.

برات دەوەن

نـامەکەم پێچـایەوە بـردمە هەمـان شـوێن هەر ئەو بەردەی ئەو نامەکەی لە ژێـر داینـابوو خسـتمە سـەری ئینجـا بڕیارمـدا لە شوێنێکی دوور چاودێری بکەم تا بیناسمەوە، بەڵام بـۆم نەکـرا خیـانەتی لێبکەم، چـونکە هەسـتم دەکـرد لە هەمـوو شـوێنێ دەمبینــێ و ئــەو بەدزییــەوە چــاودێرم دەکــات، نــەوك بێــت و پێیبزانی و نامەکانیش نە هێنێت، بۆیە بـە دڵـی سـاردەوە بەرەو ماڵ گەڕامەوە.

چوومە ژوورەوە باران لەگەڵ دەنگی دەرگە، چەرچەفی لەسەر دەم و چاوی لابرد و بەدەنگێکی بەرز پێکەنی:

- هەی دەوەنی خۆش باوەڕ چەند زوو تێکەوتی ئەوە من تـەنیا تاقیم کردیەوە تازە دەگەڕێیتەوە ماڵ.

کە گوێم لەم قسەیەی بـارن بـوو شـێت و هـار بـووم ورەم لـە دەستدا و قاچەکانم شل بو،و کەوتمە سەر ئەژنۆ فرمێسـک لە چاوانم هاتە خوارەوە، بە زەحمـەت دانـم بـە تورِیـەی خومـدا گرت.

- باران بـۆ وات لێکـردم مەبەسـتت چـی بـوو بـۆ ئـازارت دام وەڵامم بدەوە.

باران بە دڕدۆنگییەوە بەرەو لام هات و گوتی:

- ئەوە چیتە دەوەن گوتم بزانم تا چەند هاوڕێیەکی باشی بۆم.

لەگەڵ ئەو قسەیەی بە هەردوو دەسـتم بـە هـەموو هێـزم پـاڵم پێوەنا و شیڕاندم:

- لەبەر چاوم ونبە پێت وایە گەر سروشت ببیـنمەوە تـۆ لە یـاد دەکەم ئەی گەوج.

- چی دەڵێی؟ باسی چی دەکەی، بۆ بەو ڕادەیە توڕەبووی؟!

نامەکەم لە بەرکم دەرهێناو لوولم دایە سەر یەک و دڕاندم.

- بڕۆ تۆ تازە هاوڕێیەتی منت بەم کاغەزە بێمانایە گۆڕیەوە.
کاغەزەکەی بەسەرو چاویەوە کەوت و بە سەرسامی هەڵی گرتەوە و خەریکی لێکردنەوەی بوو.
- ئەمە چییە ئەی تازە خۆت نەتنووسی بۆ ئێستا منی پێ تاوانبار دەکەیت.
کە گوێم لێبوو تۆزێ هاتمەوە سەر خۆم.
- بۆ باران تۆ لەگەڵ ئەمەت نەبوو؟
توڕەییەکی زۆرم لە ڕووخساری بەدی کرد بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد:
- بە ملی شکاوم من وەک گاڵتەیەک خۆم نەخۆش کرد، گوتم بزانم تۆ چی دەکەیت کەچی هەر لێشم نیزیک نەبوویتەوە بزانی مردوم یا زیندو، ئێستاش نازانم بە چی تۆمەتبارم دەکەیت.
کە ئەمەی گوت لە خۆشیان گریە و پێکەنینم ئاوێتەی یەکتر بوون، ڕامکردە لای و لە باوەشم گرت.
- تخوا بم بەخشە زۆر بە هەڵە ڕۆیشتم.

- بڕۆ دواوە، ئیدی نامەوێت بتبینم.
- لێم زویر مەبە، گەر گوێم لێبگری دەزانی ناهەق نیم، ماڵت نەشێوێت بۆ جگە لە هەموو ڕۆژان ئەمڕۆ لەسەر چی گومانت لێکردووم، بۆ دەبێت تاقیم بکەیتەوە.
باران هەندێ خۆی هێناو برد، بەڵام کەسێکی زۆر دڵ ساف بوو زوو لەگەڵم ئاشت بووەوە و ئینجا پێم گوت:
- موژدە بێ ئەوەی من و تۆ کون بە کون بە دوایدا دەگەڕاین، ئەمڕۆ ئەو خۆی نامەی بۆ ناردووم.
باران هیچ بووغزێکی لە دڵدا نەبوو، هەر بۆیەشە بە گەرمی باوەشی پێدا کردم و پیرۆزبایی لێکردم منیش کە ئەوم وا بینی گوتم:
- بە ڕاستی تۆ مرۆڤێکی گەورە و بەخشندەی خۆزگە هەموو دڵێک وەکو تۆ دڵی دەبوون.
ئینجا کاغەزەکەم هەڵگرتەوە.
- بیگرە با خۆت نووسراوەکە ببینیت.

بەیانی کە لە خەو هەستام بەرەو دار سنەوبەرەکە بەڕێ کەوتـم کاغەزەکە هەر لەوێ بوو، زۆر نا ئومێد بووم بەڵام کە لێی ورد بـــوومەوە دوو دانە بەردی لەســـەر بـــوو، بە خۆشـــحاڵییەوە هەڵمگرت و هی سروشت بوو و دایئابوو خوێندمەوە.

## نامەی مەرگی داپیرە...

دەوەن گیان بە ڕاستی بە قسەکانت زۆر خۆشحاڵ بـووم، تـۆ هاوڕێیەکی بەخشندە و لێبووردەی، زۆر سوپاسـت دەکەم بـۆ ئەم وشە جوانانەت کە نامەکەتم خوێندەوە پڕ بە دڵ نەفرەتم لە خۆم کرد، بۆ ئەوەی بەرامبەر بە تۆ کردم، سەبارەت بە داپیرە و باپیرەش نازانم چۆن بۆت باس بکەم، بەڵام دەبێ هەر بزانیـت نەنە گیانم تەمەنی درێژی بـۆ تـۆ جێهێشـت، باپیرەشـم ئێسـتا لای من ژیان ناکات واتە ڕاستییەکەی ئەوەیە کە من ئاگام لێی نییە. هیوا خوازم ژیانێکی باش بگوزەرێنیـت، داوای ئەوەشـم لێ مەکە جارێکیتر بمبینیتەوە، چونکە من شایستەی کەسێکی وەک تۆ نـیم، دەترسـم دووبـارە بـێم و ژیانـت نالەبـار بـکەم، چونکە من بوومە هۆی لە ناوچوونی ژیانی سێ لە ئـازیزترین کەسـم، دڵتەنـگ مەبە بە قسـەکانم مـن تەنهـا ڕاسـتیت بـۆ دەنووسـم، ئەرێ بە ڕاسـت پـێم بڵـێ تـۆ بـۆ خـۆت لـێ لاڵ کردبووین مەترسە تازە من لێت دڵگیر نابم.

سروشت

لەو ڕۆژەوە ئەم جێگایە بووە هەواری من و سروشت وەک دوو خۆشەویست نامەمان تێدا دەگۆڕیەوە، ڕۆژێ نوسیبووی خووم بە تۆوە گرتووە، گەر ڕۆژێک نامەت بۆ نەنووسم وادەزانم شتێکم ون کردووە کەچی لە سەرەتادا بڕیارمدا بوو تەنها یەک نامەت بۆ بنووسم بەڵام نەمتوانی.

نازانم چۆن و کەی ئەو دەهات نامەکەی هەڵدەگرت و یەکێکی تری لە شوێنی ئەو دادەنا و منیش جار جارە خۆم لێ زویر دەکرد لەبەر ئەوەی خۆی نیشان نەدەدام، یان ڕووتنر بڵێم حەزی نەدەکرد من چارەی ئەو ببینم، باران زۆر جار گاڵتەی پێدەکردین دەیگوت من و تەمەنی دەزگیرانم ئاوا بەم شێوەیە نامەمان بە نهێنی دەگۆڕیەوە، ئێوە چ هاوڕێیەکن.

بیرم چوو پێتان بڵێم باران دەزگیرانی هەبوو، بەڵام بۆ سوید سەفەری کرد بوو، ڕۆژێ تازە هاتبوومە ماڵەکەی ئەنگوستیلەیەکی کچانەم بینییەوە. پێم گوت هی کێیە؟ کە چاوی پێکەوت زۆر دڵخۆشبوو، گوتی: ئەمە هی دەزگیرانمە ونم کردبوو. زۆر سوپاسی کردم باسی ئەو ڕۆژانەی بۆ

دەکــردم کە چەنــد بە خۆشــی بەســەری بردبــوو، ئێســتاش چاوەڕێی ئەوەبوو بگـەڕێتەوە و بیخوازێـت، ئیـدی ژیـان وایە هەر مرۆڤێک و ئاوات و ئـارەزوێکی خـۆی هەیە، بەڵام هـاتنە دی ئەوەیــان لە دەســتی پەروەردیگــارە زۆر جــار پەروانەی ڕۆژگــار بە پـێچەوانەی حەزەکانمـان دەسـووڕێتەوە، هەنـدێ کاتیش پێ بە پێ لەگەڵمان پیاسە دەکات، ئێمەی بەنـدە دەبـێ بە خۆڕاگر و گەشبین بـڕوانینە ئایندە، هەتـا ئەگەر ئەوکەسـە نابیناش بێت.

بیرمە ڕۆژی شەممە بوو وەک هەموو ڕۆژان نـامەی سروشـتم بە دەست گەیشت بۆی نوسـیبووم ( پـاش نیـوەڕۆ دێـمە لات دەمەوێ لە نێزیکەوە بم بینیت، ئیدی ئارامم نەما)

کە ئەمەم خوێندەوە زۆر دڵم خۆشبوو، بەخۆشحاڵییەوە بەرەو لای باران ڕۆیشتم ئەم هەواڵە خۆشەی پـێ ڕابگەیەنـم، بینـیم باران لە شوێنی خۆی نەبوو، پرسیارم لە یەکێ لە کرێکارەکان کرد گوتی: چۆتە نهۆمی خوارەوە بۆ لای تۆ دەهات.

منــیش ئــۆقرەم لێبــڕا و بە پەلەبــووم ئەو هەواڵە خۆشــەی پێڕابگەیێنم، چوومە خوارەوە باران سەری خـۆی بردبـووە نێـو یەکــێ لە مەکینەکــان بە دوای شــتێ دەگەڕا، پرســیم ئەوە چ دەکەیت:

- دەوەن گیــان ئەو کرێکــارانە دەیــانگوت تــۆ لەگەڵ پــاک کردنەوەی ئەم مەکینەیەت، لە کارت خســتووە منـیش لە بـڕی تۆ هاتم تا چاکی بکەمەوە، بەڵام ئەنگوستیلەکەم کەوتۆتە نێـو ئەم مەکینە هەر چەند دەکەم نایدۆزمەوە.

- باشــە ئەی دۆزیــنەوە بەڵام دەســتت لەوێ لابە بــا شــتێکت بەسەر نێت، کەی مەکینەکەمان کوژاندەوە ئینجا بە ئاسپای بە دوایدا دەگەڕێین.

ئەو بە گوێی نەکردم و ئارامی نەبــوو، دەســتی بــردە پێشــەوە بە دەســتەکەی تــر لە بــڕی ئەوەی دەســکەکە بگــرێ دوگــمەی پــوولیەکەی هێنــا خــوارەوە دەســتی کەوتە بەر مەکیــنەکە و هاواری لێهەڵستا. تا من ناوقەدیم گــرت و بــۆ دواوە ڕامکێشــا بینیم دەستی بە تەواوی جیابووەوە و لەنێو مەکینەکەدا جـێما و

دەمودەست ئەو لە هۆش خۆی چوو، منیش بە هەموو هێزمەوە هاوارم دەکرد. کرێکارەکان هەموویان لە دەورمان کۆبوونەوە بەپەلە بردمانە نەخۆشخانە، بەڵام کار لە کار ترزا و باران دەستێکی لە پێناوی مندا لە دەستدا، بە ڕاستی ڕوداوێکی زۆر ناخۆش بوو، زۆر بۆی گریام، چونکە ئیتر ئەو کەم ئەندام بوو، کە بارانیان بردە ژووری نەشتەرگەری منیش لەبەر دەرگە فرمێسکم بۆ هەڵدەرشت، ئینجا بیرم کەوتەوە ئەو ڕۆژەی بارانم ناسی خەونم بینی ئەوە ئەو خەونە بوو کە زۆر لێی دەترسام، بۆی بگێڕمەوە بەڵام دواجار خەونەکەم هەر هاتە دی.

نەشتەرگەریەکەی باران تەواو بوو، هۆشی هاتەوە بەڵام ئەو هەر دەگریا و دەیگوت تازە من فەوتام، تەمەن چۆن بەم شێوەیە بم بینیێ، ئەی ئەگەر ئیتر پێم ڕازی نەبوو، پشتی تێکردم من چیبکەم.

هەندێ کات لەگەڵی دەگریام و دڵنەوایشم دەکرد، بەڵام ئەوەندە لە خەمی دەستی خۆی نەبوو، ئەوەندەی باسی

ئەنگوستیلەی دەکرد، ئینجا بۆم دەرکەوت خۆشەویستی چەند گەورە و پیرۆزە، تەنانەت خۆشی لە پێناودا بەخت دەکەیت.

کرێکارەکان هەموویان هاتن و سەردانیان کرد چەند شیرینی و چەپکە گوڵیان بۆ هێنابوو، بەڵام ئەو ئاگای لە هیچ کامیان نەبوو، شەو تا بەیانی لەگەڵی مامەوە، ئەو هەر باسی ئەو ڕۆژانەی دەکرد کە لەگەڵ تەمەن بەڕێی کردبوو دەیگوت: تخوا دەوەن گیان ئەو ئەنگوستیلەیەم بۆ بدۆزەوە، ئەوە تاکە یادگاری تەمەن بوو بۆم جێ مابوو، بڕیارم داوە تا دوا تەمەنم لام بمێنێ، نامەوێ پەیمان شکێن بم.

- بەڵێنبێ هەر کە لە نەخۆشخانە هاتینە دەرەوە، بە هەر نرخێك بێت بۆت دەدۆزمەوە.

بەیانی کە خەبەرم بووەوە باران خەوی لێ کەوتبوو، لە ژوورەکەیدا بێتاقەت بووم، هاتمە دەرەوەی قاوشەکە زۆر قەرەباڵخ بوو، پڕ بوو لە نەخۆش، دکتۆرەکان هاتووچۆیان دەکرد، دڵم زۆر توند بوو، چوومە نهۆمی خوارەوە لە کافێکە کوپێ قاوەم داواکرد، کاتێ وستم پارەکەی بدەم کابرا گوتی:

- پارەی تۆ دراوە.

پێم سەیربوو!

- کێ پارەی داوە؟

- کوڕێکی گەنج هات و پارەکەیدا.

ئیدی منیش زۆری لەسەری نەڕۆیشتم، بەرەو ژووری باران ملم نا، کاتێ لە سوچێکەوە سووڕامەوە، خۆم بە یەکێکدا کێشا پاکەتێک شیرینی پێبوو، لە دەستی کەوتە خوارەوە و داوای لێبووردنم لێکرد، لە گەڵم کۆکردەوە کە خۆم ڕاست کردەوە، کوڕێکم بینی لەبەر چاوم غەریب نەبوو، تۆزێ لە یەکتر ڕامایین ئینجا بیرم کەوتەوە هەمان ئەو کوڕە بوو، کاتێ لە زیندان ئازاد کرام، یەکەم کەس ئەوم بینی پێم گوت:

- دەم ناسیتەوە.

- بەڵێ من هەرگیز تۆ لەبیر ناکەم.

تۆزێک وەستا.

- چۆن لە بیر دەکەم کە چەند مەردانە و دەست پاکانە تابڵێتەکەت دامەوە.

ویستم جێیبێڵم، ئەو پارەیەم بیرهاتەوە کە ئەو لێی کەتبوو.
- دەزانی ئەو پارەیەی ویستت پێم بدەی لێت کەوتبوو من هەڵم گرتەوە.
دەستم لە گرفانم نا هەندێ پارەم دەرهێنا.
- ها بیگرە حەزناکەم حەقی هیچ کەسێکم لە سەر بێت.
ئەویش زۆر بە خۆشحاڵییەوە پارەکەی لێ وەرگرتمەوە.
- وەردەگرمەوە لێت چونکە لەوانەیە ڕۆژێک دابێ پێویستم پێ بێت.
سەیری جل و بەرگیم کرد لە دڵەوە گوتم (ڕاست ناکەی باوەڕ ناکەم تۆ هەرگیز پێویستت بەو بڕە پارەیە بێت) گوتی: بێگومان تۆش هاوکاری نەخۆشیت، ها ئەو شیرینییە ببە بۆی.
منیش نەمکردە نامەردی وەکو ئەو بە لوسی لێم وەرگرت، سوپاسم کرد لەبەر باران بە پەلە بووم.
- گەر کارێکت نییە دەبێت لەبەر نەخۆشەکە بڕۆم، خۆشحاڵ بووم بەناسینت ناوم دەوەنە.

چاوەڕێی ئەوەبووم ناوی خۆم پێ بڵێ کەچی گوتی: مادەم ئێمە یەکترمان ناسی نێو هیچ گرنگ نییە، دەی خوات لەگەڵ برۆ با دوا نەکەوێت.
کاتێ گەڕامەوە لای باران لە خەو هەڵستابوو، دکتۆری لابوو، بەیانی باشم لێکردن و چەند پرسیارم لێکرد گوتی: بارودۆخی زۆر باشە، بەم زووانە چاک دەبێتەوە، لەوانەیە بەیانی لە نەخۆشخانە دەربچێت.
زۆر دڵخۆشبووم چونکە تەواو چاک ببووەوە، نانی نیوەڕۆیان بۆ هێنایین دەستمان بە نانخواردن کرد، لە پڕ پەرستارێک سەری خۆی هێنایە ژوورەوەو گوتی:
- مام جەوهەر فەقێ لەم ژوورەیە؟
- منیش نێوەکە ئەوەندە لام ئاشنابوو گوتم:
- بەڵێ.
پەرستارەکە کاغەزەکەی بەروەڕووم ڕاگرت.
- ها بیگرە ئەمە پشکنینەکەیەتی.

باران سەری سوڕ مابوو سـەیری کـردم منـیش هـاتمەوە سـەر خۆم.

- ببوورە هەڵەم ئەوە هەو نییە.

پەرستارەکە توڕەبوو گـوتی: پەکـو ئەوەنـدە تێنەگەیشـتوون، تەنانەت ناوی نەخۆشەکەشیان نازانن.

ئەو جێـی هێشـتین، منـیش لە خۆشـیان ڕاچڵەکـیم و بە دوای پەرستارەکە کەوتم.

باران بە حەپەساوی بانگی کردم.

-دەوەن.....دەوەن چی بووە؟ بۆ کوێ دەچی؟

- ئێستا دێمەوە.

لە دوای پەرســـتارەکە دەرۆیشـــتم لە خۆشـــیان نەمـــدەزانی چیبکەم، چونکە ئەوە ئەو کەسە بوو، من لە ئاسمان بە دوایـدا دەگەڕام لە زەوی دەستم کەوتەوە. هـەر ئـەم نـاوە بـوو مـن لە دوای ناوی خۆم دەمنووسی بە باوکی خۆم لەقەڵەمم دەدا، پێ بە پێ بە دوایدا دەرۆیشتم، پەرستارەکە یەک دوو ژووری تری کرد، ئینجا لە دەرگەیەک چووە ژوورەوە و پشکنینەکە پێـدان و

گەڕایەوە بەلامدا ڕەت بـوو، بە گـاڵتە پێکـردنەوە گـوتی: زۆر دوور نەکەویتەوە نەوەک ژوورەکەی خۆت لێ ونبێت.

گوێم بە قسـەکانی ئـەو نەدا بە خۆشـحاڵییەوە بەرەو ژوورەکە دەچووم یەکێ لە دواوە بانگی کردم:

- کاکە گیان تۆ لەگەڵ بارانیت؟

- بەڵێ.

- بە پەلە وەرە کارێکی گرنگیان پێتە.

پـێم نەکـرا بچـمە ژوورەوە بەڵام ژمـارەی سـەر دەرگەکەم خوێنـدەوە ناچـار بـە دوای پیـاوەکە چـووم. دکتـۆر چەنـد دەرمانێکی بۆ باران نوسیبوو، منـیش ڕۆیشـتمە دەرمانخـانەکە ئەوەندە قەرەباڵغ بوو تا دەرمانەکانم وەرگرت کـاتژمێرێکم پـێ چـوو، ئینجـا گەڕامەوە قەرەبـاڵغیەکی زۆر لە قاوشـەکە بەدی دەکرا پرسیارم لە یەکێ کرد:

- چی ڕویداوە؟

- نەخۆشێک تازە گیانی لە دەست داوە.

دڵــم زۆر بۆیــان تەنگبــوو، گەڕامەوە ژوورەوە بــاران هەر زوو گوتی: ئەوە چی بوو دەوەن تۆ بۆچی وا بەپەلە ڕۆیشتی.

منیش باسەکەم بۆ گێڕایەوە ئەو زۆر دڵخۆش بوو.

ئەو ڕۆژە هــاوڕێ و کرێکــارانی کارگەکــە زۆر ســەردانیان دەکردین، بارانیش لە من زیاتر کەسێکی تر نەبوو پێشوازی لــە میوانەکان و ســەردانیکەرانی بکــات، هــەر چەنــد بــۆ دیــدەنی باپیرە لە سەر ئاو ئاگر بووم بەڵام بۆ ئەوەی بــاران هەســت بــە بێکەســی نــەکات بۆیــە چەنــد کاتژمێرێــك بەســەرچوو، دواکەووتم و نەمتوانی بڕۆم بۆ لای باپیرە.

دکتۆر هات و بارانی لە نەخۆشخانەکە دەرکرد و گوتی: باران ببەوە ماڵ چیتر پێویستی بە مانەوە نییە.

خۆمان کۆکردەوەو گــوتم: بــاران بووەســتە لێــرە دەچــم بــاپیرە دەبینم.

- باشە برۆ بەڵام زۆر دوا نەکەویت.

بەرەو ژووری ســیازدەهەم ڕۆیشــتم ســەیرم کــرد کەســی لــێ نەبوو، جگە لە پیرەژنێک کە خەریکی ڕێکخستنی چەرچەفــی

سەر قەرەوێڵەکە بوو ڕێکی دەخست، لەگەڵ چوونە ژوورەوەم سـەری بڵنـد کـرد مانـدوو نەبـوونم لێکـرد: پـلە گیـان کـوا نەخۆشی ئەو ژووره دەرچووه؟

- ڕۆڵە پیره پیاوەکە دەڵێی؟

- بەڵێ

- چەنـد کاتژمێرێـک لەمەو پیـێش ئەمـری بـەجێهێنا و چـووه ڕێگەی خۆی.

کە منی بینی زۆر شەڵەژاوم تۆزێ تێم ڕاما.

- بۆ تۆ چی ئەویت.

منـیش بـێ وەڵامـی بدەمـەوه بـە شـپرزەیی جـێم هێشـت، ئەژنۆکانم شـل ببـوون، تەنـانەت نەمتـوانی هەنگـاو هەڵێـنم، خۆشم نازانم چیم بەسـەر هـات، هەر ئەوەنـدەم پێکـرا خـۆم بگەیەنمە سەر ئەو ڕێزه کورسـیەی لەوێبـوو، دانیشـتم و دڵـم تێک هەڵدەهات و وام هەست دەکرد خواوەند دەیەوێ ڕۆحـم بکێشێ، هەناسەم زۆر بە سـەختی دەهـاتەدەرەوه، سـەرم نـا بە دیـــوارەکە و چاوەکـــانم کەوتە ســـەر ئەو وێـــنەیەی، کە بە

دیــوارەکەی بەردەمــم هەڵواسرابــوو، دیمەنــی شــارێکی زۆر جوان بــوو شــەقامەکانی پــان و بەریــن ئەم بەرو ئەو بەری دار سنەوبەر دەوری دابــوو، بەســەر دەریــایەکی جــوان کە وێــنەی باڵاخانــە بەرزەکــانی زۆر بە جــوانی لە نێویــدا بەدی دەکــران، تۆزێک لەسەر شەقامەکە ورد بوومەوە وێنەی خۆم تێدا بینــی، خۆم بینی ڕام دەکرد کۆلارەیەکی منداڵانەم بەدەستەوە بــوو، بە دەنگێکی بەرز هاوارم دەکرد و پێــدەکەنیم سروشــتیش بە دوام کەوتبوو، بەڵام پێم نە دەگەیشــت، دەیگــوت: بووەســتە دەوەن خۆ منداڵ نیت، ئەها باپیرە پێدەکەنێ ئەوە تۆ لە خۆت تەریــق نابیتەوە.

ئــاوڕم دایەوە بــاپیرە لەلای گوڵەکــان وەســتابوو، چــاوەڕێی دەکردم کە چــاوم پــێکەوت بەرەولای چــووم، بەڵام ئەو ڕووی وەرچەرخاند و بۆ دواوە ڕۆیشت، ئەو لــێم دڵگــران بــوو، زۆر چاوم گێرا تا نەنە ببینم ئاشتمان کــاتەوە نەنــەم نــە دۆزیەوە، بە دەنگــی بــاران خەبەرم بــووەوە، شــانی ڕادەتەکانــدم هــاواری

دەکـرد: دکتـۆر فریامـان کەون ئـەوە دیقـی کـردووە، منـیش ئاوڕێکم لێ دایەوە پێم سەیربوو.

- چیتە باران نەخۆشی دکتۆرت بۆ چییە؟

- ئەوە چیت لێ هاتووە حاڵت چۆنە چی ڕووی داوە؟

تۆزێ وەستام.

- من باشم با لێرە بڕۆین بۆت ڕوون دەکەمەوە.

نەخۆشـخانەمان جـێ هێشـت بەرەو مـاڵ گەڕایـنەوە لە ڕێـگە هەموو شـتم بـۆ بـاران گێـڕایەوە مـن دەمگـوت: تخـوا بـاران ئەوەندە بێ ورە و ترسنۆکی بە خوا ئەورۆ هاوڕێکەم ناسی.

ئەویش قسەکەمی قۆستەوە.

- نەوەڵا مـن تـۆم بـاش ناسـی وەرە پیـاوەتییەکم لەگەڵ بـکە، بـانگی دکتـۆرم بـۆ بـکە بڵـێ تـۆ نەخۆشـی بـۆ وا سـامگرتی بوویـت، خـۆ لەگەڵ ئەو هەمـوو هەرایە پێڵـوی چاوەکانـت نەدەترووکاند.

- وازبێنە با لە نێو ئەو هەموو خەفەتە چیتر پێنەکەنم.

ئەو ڕۆژە هەرچەند دڵم زۆر توندبوو، بەڵام زۆریش بە خۆشی بردمـانە سـەر، بە ڕاسـتی پەروەردیگـار زۆر بە بەزەیـیە لەگەڵ بەندەکانی، هەمـوو کـات ئاگـای لـێمانە، بەڵام ئـەوە ئـێمەین کاتی تەنگانە چۆکـدا دەدەیـن، گەر خۆشبەختیشـمان بکـات ئەوا تەواو ڕووی لێ وەردەگێرین و لە یادی دەکەین.

بەیـانی لەگەڵ دەنگـی دەرگە بەخەبەر هـاتم، بینـیم بـاران بـێ چەرچەف لەسەر فەرشـەکە خەوی لـێ کەوتبـوو، پـێم سـەیر بوو، بیرم چووبوو کە دوێنـێ شـەو چەنـد مانـدوو و هـیلاک بووین، خۆم ڕاست کردەوە شان و ملـم زۆر ئـازاری هەبـوو، کەچی سەرینیشم لانەبوو چـاکەتەکەی خـۆم لەوێ کەوتبـوو بەسـەر بارانمـدا هەڵکێشـا و بەرەو دەرگەکە چـووم کـردمەوە چاوەکـــانم هەڵگلۆفـــت، بینـــیم هەمـــان ئەو کـــوڕەی لە نەخۆشـخانە نێـوی خـۆی پـێ نەگـوتم بەڵام ئەو چـارە زۆر جیاوازتر بوو لە جارانی پێشوو، سەیرم کـرد وەک پەیکەرێـک لەبەر دەرگە وەستابوو، چاوەکانی سوور هەڵگەڕابوو، دیاربوو زۆر گریابوو، لە هەمان کـات نـیمچە زەردەخەنەیەکـی جـوان

ڕووخساری داپۆشیبوو، ئینجا لێی وردبوومەوە بە چاوە فرمێسکەکانی ناسیمەوە ئەوە ئەو سروشتە بوو کە منالانی کۆڵان لێیان دەدا هانای بۆ من دەهێنا، تا لەسەری کەمەوە منیش فرمێسک لە چاوانم هاتەخوارەوە ئەوەندە سەر سام بووم، نەم دەزانی چۆن چۆنی پێشوازی و فەرمووی لێبکەم، کە زانی ئەوم ناسیوتەوە خۆی پێ نەگیرا و کەوتە باوەشم لە کلپەی گریانیدا، ئەوەندە گریاین تا هەردووکمان تەواو ئارام بووینەوە ئینجا گوتم: سروشت ئەوە بەڕاستی تۆی؟ قسەی پێ بڕیم.

- بەڵێ ئەوە منم بێ وەفا، خیانەتکار.

- بەسە سروشت گیان نامەوێت وتەکانت وەک نامەکانت تاڵبن، پێشتر پێم گوتی تۆ لە هەموو شتێک بووراوی نامەوێ باسی چیترم بۆ بکەیت.

دووبارە ماچی کردم و لەباوەشی کردم هەر لەوێ بەرامبەر یەکتر دانیشتین، ئەوەندە پرسیار لە مێشکم دا هەبوو نەمدەزانی یەکەم شت چ پرسیاری ئاڕاستەکەم.

- نامەوێ پێتبڵێم بۆچی خۆت حەشار دابـوو، چـونکە دەزانـم ڕابردووێکی زۆر تاڵت هەیە، لێی پەشـیمانی ئـازارت دەدات، بەڵام دەمەوێ بزانم چ شـتێ وای لێکـردی بەم بەیانییـە خـۆت بەدەستەوە بدەی؟

-دەوەن گیان بە ڕاستی دوێنـێ شـەو کـاتژمێر یەک منـت لێـرە دەبینی، بەڵام لەم پسیارانەی تۆ دەترسام، بەم شەوە درێـژە هەر بیرم لە تۆ دەکردەوە، ئیستاش خۆم پـێ نەگیـرا بڕیارمـدا بـێمە لات، چیتر هەڵە بە هەڵەی تر چارەسەر نەکەم.

- ئیستا لە مەبەستت گەیشتم، ئەرێ بەڕاست دوێنێ باپیرە مـرد وانییە.

- بەڵێ چۆنت زانی.

- لەوەیان گەڕێ ئەی مەبەستت چی بـوو، گوتـت لەلای مـن ژیان ناکات؟

- چیت پێ بڵـێم ڕاسـتە ئەو دوێنـێ مـرد، بەڵام سـاڵێک پـاش زیندانی تـۆ هـیچ جیـاوازییەکی نەبـوو، لەگەڵ مـردوان یـانی ئەقڵی لەدەست دابوو لەلای شێتەکان ژیانی بەسـەر دەبـرد، بە

ڕاستی هەر کاتێ وام دەبینی تەمەنـای ئەوەم دەکـرد ڕۆژێ ئەو ژیانە تاڵە یەخەی بەردات. هەموو کات دەیگوت خەتـای مـن بوو دەوەن وای بەسـەر هـات، دەبووایـە جـوان سەرپەرشـتیم بکردایە، هەتا لە دوا ساتیدا ناوی تۆی لەسەر زار بوو.

لەگەڵ ئەم وتەیەی زۆر دڵتەنگ بووم.

- سروشـت پێشـتر پـێم گـوتی تـۆ بـووراوی بەڵام زۆریـش تاوانباری، گەر خۆتت لێ ون نەکردبام پێش مردنی مـن ئـەوم دەبینی، بەڵام ئێستا چی؟!

دەموچـاوی بە هەردوو دەسـتی داپۆشـی بـوو بە بێـدەنگی دەگریـا، زانـیم وتەکـانم زۆر کـاری تـێ کـردووە پەشـیمان بوومەوە و داوای لێبووردنم لێکرد.

- دەی واز لەو باسە بێنە، سروشت بە ڕاستی ژیان زۆر سـەیرە من چەند بە دواتەوە گەڕام کەچی کە ئـازاد کـرام یەکەم کەس لەگەڵ تۆ ئاشنا بووم بەڵام نەم ناسی.

- لە ڕاستیدا هەرکە تابلێتەکەت دایە دەستم تۆم ناسـیەوە، بەڵام من و تۆ زۆر لێک جیاوازبووین شەرمەزاری ڕێگەی پـێ نەدام

کە خۆم ئاشکرا بکەم، دەبـووایە هەر واشـم بکـردایە، چـونکە بەرامبەر بە تۆ و باپیرە و تەنانەت نەنەشم زۆر تاوانبار بووم.

- بەسە دەی چیتر وا خۆت نیشان مەدە ئەمڕۆ خۆشـترین ڕۆژە لە ژیانم، پێم بڵێ گۆڕەکەیـان لە کـوێیە حەزدەکەم سـەردانیان بکەم.

ئیمە لەو قسانە دابووین باران هاتە دەرەوە.

- نیوەرۆتان باش هاوڕێیان.

بەرەو لای چووین لەگەڵ سروشت باوەشیان پێکدا کرد چـۆن لە کـۆنەوە یەکـتر بناسـن چـونکە مـن بە نـامە ئەوەنـدە باسـم کردبوو، تەواو دەربارەی سروشت زانیاری هەبـوو گـوتم: هـا تێر خەو بوویت خەواڵو.

- خەوی چی من هەر لەگەڵ هاتنی سروشـت بەدیـار ئێـوەوە ئیشکگر بووم، بەشداربووم لە فرمێسکەکانتان خۆزگە بـۆ ئەو دوو هاوڕێیە بە وەفایە، کامێرایەکم لـە لا بـووایە تـا ریکـۆردم کردبوایە.

پــــاش تاوێـــك به یەکەوە چــــووینە ژوورەوە، کـــاتێکی زۆر خۆشمان بەسەر برد، باران وەک هەمیشە چێشـتێکی بە تـامی ئامادە کرد بوو پاش ئەوەی نانمان خوارد سروشت گوتی:

- من پێشنیارێکم هەیە گەر لێمی قبووڵ بکەن.

- ئەوەی تۆ دەیڵێیت بە چاوان کەرمەکە.

- ڕاتــان چــۆنە ئێــرە بە جێبــێڵن حەز دەکەم لەگەڵ مــن ژیــان بەسەر بەرن، خانووم گەورەیە و گوزەرانم باشە وا خۆشە هەر لەگەڵ یەک بین.

سەرەتا پێم خۆش نەبوو.

- ئێمە هەرچەند خانوومان بچووکە و لەناو کارگەکەین، بەڵام تێدا ئاسودەین بـۆیە سوپاســت دەکەیـن پێویســت بەو ئەزیەتە ناکات.

بەڵام ئەو پێداگری کرد.

- ئەگەر ئێوە نێن من ماڵەکەم جێدێڵم.

- باشە ڕازین بەڵام ئەی حاجی ئاغا.

چونکە سروشت باسی ئەوەی کرد بـوو لەلای پیاوێـک دەژیـا هەر وەک کوڕی خـۆی سـەیری دەکـات، تەنـانەت موڵـک و ماڵیشی پێشکەش کردبوو، هەر بۆیە ئـێمەش بە پێشـنیارەکەی ڕازی بووین، نەمویست بەرامبەر بەم پیاوە چـاکە بـێ وەفـابی بنوێنیێ. بۆیە گوتی: تخوا دەوەن ئەو مەکە بە بەهـانە بێگومـان گەر لای باسکەم قبووڵتان دەکات.

- باشە جوان نییە ئێمە ڕاستەوخۆ بێین، سەرەتا تۆ بڕۆ بـزانە چ وەڵامێکـت دەسـتدەکەوێت، بەس بیـرت نەچێـت حەز دەکەم پێش ئەوە سەردانێکی گۆڕستان بکەین.

بارانیشمان لەگەڵ خۆمان برد بۆ سـەر گـۆڕی داپیـرە و بـاپیرە لەلای یەکـتر نێژرابـوون، تـۆزێ لەوێ دانیشـتین نزامـان بـۆ خوێنـدن سروشـت گـوتی: ئـای هەی ڕۆژێ دێـت ئـێمەش دەچینە ئەو دونیایە، کە چاوەڕێی هەموومان دەکات و باوەشی بۆ کردینەتەوە، بەڵام نازانین باوەشێک لە گوڵ یا دڕک.

باران وەڵامی دایەوە: نازانم بۆ مـن وا هەسـت دەکەم بەم زوانە دێمە ئەو جیهـانە، بەس تخـوا گەر چـووم زوو زوو سـەردانم بکەن، لە یاد و نەچێت گوڵم بۆ بێنن.

مـن زوو لە دەم و قـەپۆزیم دایەوە، چـونکە بـاران هەمیشـە بە ڕەشبینی دەیڕوانییە ژیان.

- ئەوە چیتە هەڵسە با بڕۆین تا بێتامت نەکردوە.

ئیـتر بەرەو مـاڵ گەڕایـنەوە، سروشـت زۆر بە پەلەبـوو بمـان باتەوە ماڵەکەی خۆی بۆیە زوو جێیهێشتین.

- چاوەڕێم بکەن هەر ئێستا دێمەوە.

من و باران لە حەوشـەکە دانیشـتین و قسـەمان دەکـرد، بـاران پـاش کاتژمێرێـک بە دڵ خۆشـی گەڕایەوە گـوتی: زووکەن دەمەوێـت هەر ئێسـتا شـتەکانتان کـۆبکەنەوە بـۆ مـاڵەکەم، ببوورن مەبەستم ماڵەکەتان.

دەستمان بە پێکەنین کرد هەر ئەو کاتە ژوورەکەمان چۆڵ کـرد و کلیلەکانمان دایەوە دەستی بەڕێوەبەری کارگەکە وبەڵام ئەو

زۆری پێ ناخۆشبوو گوتی: حەزم دەکرد هەر لێرەبان بە ئێوە زۆر پشت قایم بووم.

ئێمە داوای لێبووردنمان کرد و جێمانهێشت سروشت گوتی: پێشی بڵێن کە چیتر کار ناکەن، من ناهێڵم لە هیچتان کەم بێت.

بەڵام ئێمە بەمە ڕازی نەبووین.

- زۆر سوپاست دەکەین بە ڕاستی بێ کاری ناخۆشە بۆیە دەمانەوێ لە کارکردن بەردەوامبین.

کاتێ چووینە نێو ماشێنە جوانەکەی دەتوانم بڵێم هەرگیز لە ژیانمدا سواری ماشێنی وا جوان نەببووم، لام وەکو خەونێک بوو، ئەو ڕۆژەم کەوتەوە بیر کە سروشت بەم ماشێنە هاتە لام وەک شتێکی خەیاڵاوی سەیرم دەکرد، بە ڕاستی ژیان زۆر سەیرە خوداوەند چۆن وردە وردە مرۆڤەکان دەگۆڕێت، بەڵام ئێمە هەست بە گۆڕانکارییەکان ناکەین، کە چۆن بەرزەکان دەچەمێنەوە و نزمەکان بەرز دەبن.

من لە پێشەوە و بارانیش لە دواوە بە بێدەنگی دانیشتبووین دیاربوو ئەویش لەگەڵ خەیاڵەکانی دەدوا سروشت ماشێنەکەی هەڵکرد سەیری شوێنێکی دوور و نادیاری دەکرد سەیرم کرد.

- ئەوە چیتە بۆ نارۆیت.

- دەزانی بیر لەچی دەکەمەوە من چەند ساڵە لەم ژیانەدا گوزەر دەکەم لە هیچ شتێک کەمو کوڕیم نەبووە، کەچی یەکەم جارە هەست بە خۆشی بکەم.

لەگەڵ ئەم قسانەی هەستم دەکرد فرمێسک لە چاوەکانی خۆیان حەشار دابوو دەستێکم لە شاندا.

- گوێ مەدەرێ هیوادارم لەمەودوا نەک خۆت، هەست بەبوونی ئێمەش بکەیت.

- بێگومان ئێوەم هەن بۆیەش منیش خۆم بینیوەتەوە.

لە بەردەم خانوێکی گەورەی ڕەنگ پەمەیی وەستاین کە چوار دەوری بە سور و سپی نەخشێندرابوو، تابلێت زۆر سەرنج ڕاکێش بوو، سروشت هاتەخواروەوە و دەرگەکەی کردەوە

ماشێنەکەی بـردە ژوورەوە، بـاغێکی گەورەی تێـدابوو، چـوار دەوری گوڵەبـاغ بـوو، حەوزێکـی گەورە لە ناوەڕاسـتی بەدی دەکرا، سەیرمکرد حاجی ئاغا بە دەستەکانی عارەبانەکەی پـاڵ دەدا بە ڕووێکی گەشـەوە بەرەو ڕوومـان هـات پیـرە پیـاوێکی جوان و نورانی بوو، قژی بە تەواوی سپی ببوو، بە دەموچاوی دیاربوو تەمەنی زۆر گەورە نەبێـت، بەڵام خەمـی دونیـا پیـری کــرد بـــوو، لە دوورەوە بە زەردەخەنەیەکەوە گـــوتی: دەوەرن کوڕەکانم چیتان بەسەرهات، چاوەڕوانی بێتاقەتی کردم.

ئێمەش چوین و دەسـتمان مـاچ کـرد، سروشـت ئـێمەی پـێ ناسـاند، کە چـاوم پێـی کەوت زۆرم خۆشویسـت ئەویـش بە دەموچاویەوە دیاربوو خۆشی لە ئێمە دەهات.

ئینجــا بە یەکەوە دانیشــتین دەربــارەی ڕابردوومـــان چەنــد پرسیاری لێکردین زۆر سوپاسمان کرد و گوتم: بە ڕاستی تـۆ وەک باوکمان وایت و چاکەیەکی زۆرت بەرامبەر کردین، پێم وایە هەرچی بۆت بکەین ناتوانین قەرەبووت بکەینەوە.

- بەڵێ ئێوە وەک کوڕی منن، ڕێگەی هەموو شـتێکتان دەدەم، بەڵام حەز ناکەم بە نێوی باوک بـانگم بـکەن سـەرەتا ئەوەم بە سروشتیش گوتووە بە ڕاستی کە گوێم لە وشەی بـاوک دەبـێ یادگاری تاڵم دەکەوێتەوە یاد، بۆیە چەند سـاڵە بە تەنهـا ژیـان دەبەمە سەر، چونکە نامەوێ نە خـۆم و نە مناڵەکانیشـم ئـازار بدەم بۆیە نەبوونیان باشترە بۆم.

هەستم بە دڵتوند بوونی کرد، گرژییەک لە ڕووخسـاری بەدی دەکرا، ئینجا ئاماژەیەکی بۆ سروشت کرد.

- بڕۆ ژوورەکانیان نیشان بدە با بحەسێنەوە.

چووینە ژوورەوە ماڵێکی یەکجار خۆش بوو، بـاران هەر زوو ئەنیشکێکی لە شانمدا.

- سـەیرکە چەنـد جـوانە بە ڕاسـتی هەر لە مـاڵی فیلمەکـان دەچێت، سروشت خۆی وەرچەرخاند و گوتی:

- چیتان گوت؟

- دەڵێم سروشت گیان بە ڕاستی لەو بڕوایە دا نەبووم من و تۆ لە شـوێنێکی ئـاوادا گـوزەران بکەیـن، وەک ئەو مـاڵە وایە کە چەند ساڵ لەمەوبەر کارمان بۆ دەکردن.

- وایە دەوەن گیان بەخـوا هەمووشـتێک دەگۆڕێـت، تەنـانەت مرۆڤەکانیش.

ئیدی ژیانێکی زۆر خۆشمان دەبردە سەر وامدەزانی ناخۆشی چیتر بەرەو ڕوومـان نایێـت هەر یەکە و ژوورێکـمان هەبـوو، بەڵام زۆربەی شــەو بەیەکەوە لەســەر یەک ژوور دەخەوتــین، ئەوەندە قسەمان دەکرد تا خەو دەیبردینەوە.

دەمگــوت: ڕۆژێ دێــت ئێمــەش هەموومــان مــاڵ و حــاڵ بە یەکەوە دەنێین، پیر دەبین ئینجا منداڵەکانمان دەبـن بە هـاوڕێ.

سروشت گوتی:

- دەی بزانین کامان ئازاترین ئەم ژیانە دروست دەکەین.

باران ئاخێکی قووڵی هەڵکێشا.

- من لە ئێستاوە دۆڕاووم با پێشبرکێیەکە بۆ ئێوەبێت.

سروشت بە دەنگێکی بەرز پێدەکەنی.

- ئێ دەبێت لەم یارییە دۆڕاوێک هەر هەبێت، باش بوو زوو خۆت بە دەستەوەدا.

بەیانییێک لەگەڵ دەنگی ژەنینی بلوێرێک بەخەبەر هاتم لە پەنجەرەکەوە سەیری باغەکەم کرد، بینیم حاجی ئاغا دەیژەنێت، بەڵام دەنگێکی ئەوەندە خۆش بوو مێشکی کاس دەکردم. بارانیش بە دوامدا هات بە یەکەوە گوێمان لێگرت. هەرکە ژەنینەکە تەواو بوو، ئاورێکم لە سروشت دایەوە لەسەر تەختەکە پاڵ کەوتبوو، چاوەکانی نوقمی فرمێسك ببوو.

- دەنگێکی خۆشی هەیە وانییە هەرکە دڵتوند دەبێت ئەم بلوێرە لێدەدات و فرمێسک هەڵدەڕژێت. منیش ئەو ڕۆژانەم دەکەوێتە یاد کە لەلای دادەنیشتم و بۆ تۆ و هەڵەکانم دەگریام. هەمیشە دەیگوت تۆ هاوڕێیەکی باشیت گریە وەک جگەرە وایە، گەر کەسێکت لەلا نەبێت تامی لێناکەیت.

بارانیش گوتی: بە ڕاستی شایەنی فرمێسک ڕشتنە.

چووینە نهۆمی خوارەوە و بۆ نێو باغەکە چووین، بەیانی باشمان لە حاجی ئاغا کرد.

- سوپاستان دەکەم چۆنن.
- بە ڕاستی ژەنیارێکی زۆر چاکیت، خودا بۆمانت بهێڵێت.
- دەبێت بمبوورن وابزانم لە خەوم کردن.
- بە پێچەوانەوە زۆر دڵخۆشت کردین.
باران لەسەر کورسیەکە دانیشت دەستی بۆ بلوێرەکە برد خەریک بوو، لە دەمی نێزیک دەکردەوە، قونجرکێکم لێگرت، سروشت ئاگای لێبوو گوتی:
- داینێ بابە تا لەبەر دڵمان نەکەوتووە، حاجی ئاغا پێکەنی.
- سروشت باش شارەزای هەبوو.
بارانیش بۆ سروشتی ڕادێرا و ئەویش لێی وەرگرت: بە قوربان شارەزای لە ژنوتنی.
- نا من چوار ساڵە پڕۆڤەم لەسەر کردوە، کەچی ژەنینی من لە زەڕەی کەر نەبێت، لە هیچ ناچێت.
هەموومان دەستمان بە پێکەنین کرد، سروشت هەڵسایەوە.
- دانشتنێکی خۆشە بەڵام دەچم نان ئامادە دەکەم.

لە ئێمە دوور کەوتەوە حاجی ئاغا گوتی: گیانە پێم گوتی خانمێک بۆ خۆد بدۆزەوە، ئێستا ئەم دەنیشتنە خۆشەت جێنەدەهێشت.

## دەرکەوتنەوەی تەمەن...

سەرەتای بەهاربوو، دونیا سەوز و جوان دەدرەوشایەوە، خـۆر چاوشـێرکانێی لەگەڵ دەکـردین، هەوایەکـی سـاف و بـێگەرد باڵی بەسەر زەویدا کێشابوو، سەوزە گیاکان دڵۆپی خوناویـان لەسەر دەبریسکایەوە، وەک یاقوت و مەرجان، خەڵکـی شـار خۆیـان ئامـادە کردبـوو، بـۆ بەیـانی کە یەکەم ڕۆژی جەژنـی نەورۆز بوو، بۆیە هەر لە نیوەڕۆوە لە شـوێنە بەرزەکـان، تـاکە تاکە ئاگر بەدی دەکران، گڤەی ماشێنەکان هـاتو چۆیـان بـوو بـاران گــوتی: دەوەن گیــان ڕات چــۆنە بە پیــادە پیاســەیێک بکەین. سروشت لە پەنجەرەوە گوێی لێبوو.

- نەوەڵا ئێستا مـن دێـم حەز دەکەم نانێـك لە دەرەوە بە یەکەوە بخۆین ڕاتان چۆنە سـەر و قاتێکیشـتان بە دیـاری بـۆ دەکـڕم.

باران گوتی: یەکەمیان خۆش بوو، بەڵام دووەمیان هەڵگرە بـۆ ئاهەنگی خۆت.

سروشت هەر لەپەنجەرەکەوە.

- ئەریٚ چییە تۆ و حاجی ئاغا بەمنتان وەگرتوە، دەڵێی شتێک هەیە من لێی بێئاگام.

باران قسەی پیٚ بڕی.

- بە قوربان ئەی نەت گوت لە پێشبرکێیەکە یەکەم بە دەست دەهێنم. سروشت گوتی: تخوا واز لەمە بێنە، (دەستی هێنا دەرەوە ) ها ئەم گۆڤارە بگرن سەر و قاتێک دەست نیشانکەن تا خۆم ئامادە دەکەم.

حاجی ئاغا بەعارەبانەکەی لە نێو باغەکە خەریك بوو، بە سۆندە گوڵەکانی ئاو دەدا، خودا حافیزیمان لیٚ خواست و بەرەو ماشینەکە ڕۆیشتین، سروشت گوتی: یەکەمجار جلەکە ئینجا خواردنەکە، باران دەستێکی بە سگیەوە گرت: نا بەقوربان خەریکە لە برسان دەمرم.

-تۆ چی دەوەن؟

- حەز دەکەن با بۆ ڕێستۆرانەکە بڕۆین تا ئەو برادەرە مردار نە بۆتەوە.

باران نازی کرد بەسەرماندا.

- مادام ئەو ڕێزەت لێنام ئەوە هەر نای خۆم.

دەستمان بە پێکەنین کرد بە یەکەوە چووین بۆ ڕێستۆرانتێک نانی نیوەڕۆمان خوارد و سەر و چایەمان داوا کرد.

سروشت گوتی: ئینجا هەڵسین بچینە، ئەو فرۆشگایە سەیرکەن جلی چەند جوانی تێدایە.

لە جامەکە سەیرم کرد باران بێتاقەت دیاربوو: بە گوێی مـن دەکەن بچینەوە ماڵ لە هەموو شتێ باشترە.

ئاوڕێکم دایەوە چاوەکانی خەواڵ و دیار بوو.

- ها دەتەوێت بخەویت وانییە، تازا لەبەر تۆ تا ئێوارە ناگەڕێنەوە.

سروشت خۆشی لە وتەکانم هات.

- هەڵبەتە هەر وایە.

بەرەو فرۆشگایەکە ڕۆیشتین باران قاتێکی ڕەشی دەست نیشان کرد، بەڵام سروشت گوتی: با ئەوانی تر ببینین ئینجا هەڵدەبژێرن.

ئەوان لەلایەکی تر بە جل و بەرگی فتبۆڵێن خەریک بوون، لە پڕ قیژەی مناڵێک هەڵسا ئاوڕم دایەوە ژنێک کۆرپەلەیەکی لە باوەش بوو عارەبانەی شت و مەکی پاڵ دەدا، منداڵێکی دوو ساڵانیشی پێبوو، دیاربوو لە پلیکانەکە کەوتبووە خوارەوە منیش لە سوچەکە سووڕامەوە منداڵەکەم هەڵگرتەوە و پسکیتێکم دایە دەستی ژێر بووەوە، ژنە سوپاسی کردم و چووە بەشێکی تر منیش گەڕامەوە لایان.

باران بە گاڵتەوە گوتی: وەرە بابە چ کارت بە ژنی خەڵکە.

سروشتیش چاوێکی لێم داگرت.

- ژن نەبوو مناڵ بوو.

یەکەو قاتێکمان هەڵگرت و بەرەو ژمێریارەکە ڕۆیشتین کە سووڕاینەوە خەریک بوو خۆم بە عارەبانەیەکدا بکێشم سەیرم کرد هەمان ژن بوو گوتی: بمبورن ئەو منداڵانە سەریان لێ شێواندوم.

لەلای شت و مەکەکان وەستاین، تا ژنەکە ڕەت ببێ، بینیم باران وەک پەیکەرێک لە بەردەم عارەبانەکە بە دیار ژنەکە

وەستابوو، هێندە ئێمەی تەریق کردەوە، ئارەقەمان دەردا، سروشت خۆی پێ نەگیراو گوتی: وەرە ئەو لاوە، هێشتا قسەی تەواو نەکرد بوو، باران بوورایەوە و کەوتە سەر زەوی.

ژنەش دەستێکی بە دەموچاویەوە گرت و لە قیرژکەی گریانیداو جێیهێشتین.

ئەم دیمەنە زۆر سەرسامی کردین لەگەڵ سروشت بارانی هەڵگرت و بەرەو نەخۆشخانە ڕۆیشتین. زۆر بە پەلە ماشێنەکەی لێدەخوری هاوارم لێکرد.

- خێرایی کەم کەوە سروشت دەتەوێت چ قوڕێکمان بۆ بگریتەوە.

باران سەری لەسەر ڕانم بوو، منیش بە شەق لە ڕوومەتیم دەدا و بانگم دەکرد، لەگەڵ دەنگم چاوی کردەوە.

- بۆ کوێ دەرۆن تکا دەکەم بووەستن.

سروشت لایدا سەر سەر شۆستەکە و قوڵمان گرت و لەسەر گیاکە دامانیشاند، بەتەواوی ڕەنگی پەریبوو، ئێمەی بە تەواوی شەڵەژاندبوو بۆیە بە سروشتم گوت:

- سروشت زووکه بڕۆ ئاوی بۆ بێنه.

سروشت قیت بووەوە چووە ناو ماشێنەکەی و خەریک بوو هەڵیدەکرد، لێی توڕەبووم بە سەریدا شیڕاندم.

- بۆ کوێ؟

- ئەی نەتگوت بڕۆ ئاوی بۆ بێنه.

- کوڕە هەی حۆل بە ماشێن نا، بڕۆ پەلەبکە لەو بەر، ئاو لە فرۆشگایەی بەرامبەرمان بێنه.

باران هیچی نەدەگوت چاوی زەق ببوو، سروشت ئاوی بۆ هێنا لە دەمان نێزیک کردەوە وەک منداڵ غەزری نەیدەخواردەوە، هەندێکمان بە سەرو چاوییەوە پرژاند، وردە وردە سەرحاڵ بووەوە و کەوتە قسە: دەوەن ئەو منداڵە هی کێ بوو؟ تۆبڵێ هی خۆی بێت؟ نا باوڕناکەم ئەو پەیمان شکێن بێت.

ئێمەش شاگەشکە ببوین واقوڕماو بووین پرسیمان بۆ ئەمە کێ بوو؟

- ئەوە تەمەن خان بوو ئێوە بینیتان بۆچی پەیمان شکێنی؟!

باران وەك شێت وەڕێنەی دەکرد و دەیگوت: بۆ کوێ چوو؟ کوا ماڵەکەی دەچم دەبێت بیبینم و قسەی لەگەڵ بکەم.
لەگەڵ ئەو قسانەی هاواری دەکرد و دەگریا تەواوی ئەو خەڵکەی بە پیادە دەرۆشتن سەیریان دەکردین بە دیارمانەوە دەوەستان. بۆیە گوتم: با بیبەینەوە تا زیاتر ئابڕوومان نەچووە.
بەهەر حاڵ ئەومان بردەوە بۆ ماڵەوە، حاجی ئاغا بە بێتاقەتی لەبەر دەرگە دانیشتبوو، جانتایەکی ڕەشی لەتەنیشت خۆی دانابوو، زۆر پەست و توڕە دیاربوو، هەر کە ئێمەی بینی دەستی بەرز کردەوە سەیری کاتژمێرەکەی دەستی کرد، سروشت لەگەڵ بینینی ئەو ئستۆپێکی توندی کرد: ئەی هاوار خۆ بیرم چووە حاجی ئاغا ببەم بۆ مەزاری شێخان، زۆر دواکەوتووم ئێوە وەرنە خوارەوە. ئەو چووە لای حاجی ئاغا.
- ببوورە بە ڕاستی دوا کەوتووم بیرم چوو ئەوڕۆ یادی هاوڕێیانتە.
- بۆ کوێ چووبوون.
-نەخۆشخانە باران تۆزێ نەساغ بوو.

سەیرێکی ئێمەی کرد چۆن بڵێی باوەڕ بە قسەکانمان نەکات، بە تووڕەییەوە چووە ناو ماشێنەکەی.

- پەلە بکە زۆر دوا کەوتین دەبووایە ئەمڕۆ لە هەموو ساڵانی ڕابردو زوو تر گەیشتبام، کوڕینە ئاگاداری خۆتانبن، یەک دوو ڕۆژم پێ دەچێ و دەگەڕێمەوە.

سروشت خۆی لێمان نێزیک کردەوە.

- بمبوورن بەم کاتە جێتاندێڵم. دەستێکی لە شانمدا و گوتی: ئاگاداریبە ئێوارە زوو دەگەڕێمەوە.

خودا حافیزیان کرد و ڕۆیشتن ئێمەش چووینە ژوورەوە.

باران زۆر نەساغبوو دەنکە حەبێکم بۆ خستە ناو ئاو تا تۆزێک پشوو بدات، بە دیاریەوە دانیشتم وەک منداڵ نوورزە نوورزی دەکرد تا خەو بردیەوە.

هەڵسام بەرەو پەنجەرەکە چووم سەیری دەرەوەم دەکرد. لە پڕ ژنێکم بینی بە دیار ماڵەکەمان وەستابوو، سەیری دەکردم، جوان سەرنجم دا هەمان ئەم ژنە بوو کە لە فرۆشگایەکە بینیمان، لە خۆشیان خۆشم نازانم چۆن چۆنی خۆم گەیاندە

دەرەوە، چونکە زۆرم هەوڵدا لەگەڵ باران سودی نەبوو دەرگەم لێکردەوە و سڵاوم لێکرد بە گریانەوە گوتی: بە ڕاستی لەو باوەڕە دا نەبووم دەرگە لە کەسێکی وەک من تاوانبار بکەنەوە. منیش دڵم پێ سوتا و گوتەکەیم پێ بڕی.

- وا بیرمەکەوە کاتێ مێوان بێتە بەردەم ماڵەکەمان، دەری بکەین، ئەرکی سەر شانمە دەرگەی لێبکەمەوە هەتا ئەگەر دوژمنیش بێت.

- تۆ هاوڕێی بارانی؟

- بەڵێ.

- بارودۆخی چۆنە.

- تا بڵێی خراپە.

- ئەی دەستی بۆ وای بەسەر هاتوە!

- جارێ تۆ بفەرموو، وەرە ژوورەوە باسکردنی ئەوە کاتێکی زۆری دەوێت.

- نا کاتی زۆرم نییە، ڕاستی ئێستا من هیچ پەیوەندییەکم بەوەوە نەماوە.

- تکا دەکەم وەرە ژوورەوە منیش پسیاری زۆرم لێت هەیە، تا هەموو شتێکت بۆ باس بکەم.
- گەر وایە ها بیگرە ئەوە ناونیشانیماڵەکەم بەیانی وەرە، من ناتوانم لەوە زیاتر بمێنمەوە لەبەر مێردەکەم.
- باشە.
-خوات لەگەڵ.
ژنیکی تا بلێی جوان بوو، بۆیە لە دڵەوە گوتم بە ڕاستی شایانی ئەوەیت باران وات بۆ بکات، بینینی زۆر بێتاقەتی کردم، نەمدەزانی خۆم بە چییەوە خەریک بکەم، دەنگی تەلەفۆن لە هۆڵەکە دەبیسترا، بە پەلە چوومە نهۆمی خوارەوە هەڵمگرد سروشت بوو لە تەندروستی بارانی پرسی.
- بمبوورە بەیانی دێمەوە ئەورۆ ناتوانم بگەڕێمەوە.
بە کورتی باسی تەمەنم بۆ گێڕایەوە ئەویش بەمە زۆر دڵ خۆش بوو.
- زۆر چاکە بەیانی بڕۆ بۆ لای، بەڵام با باران نەزانێ نەوەک کێشەکە ئاڵۆزتر بکات.

- باشه بێگومان.

- چۆن ماڵەکەمانی زانی.

- نازانم ڕەنگە بە دوامانەدا هاتبێت، یان لە کەسێکی پرسیبێت.

- خوات لەگەڵ.

نانی بەیانیم ئامادە کرد و لە ژێر هەیوانەکە دانیشتم باران درەنگ لە خەو هەڵستا.

- بەیانیت باش.

- ها چۆنی وەرە نانەکەت بخۆ.

- بۆ کوێ خۆتت ئامادە کردوە.

- تۆزێ دەڕۆمە دەرەوە لەگەڵ برادەرێك کارێکی گرنگم هەیە پێویستە بیبینم.

- برادەر یان.......

- یان چی؟

لەوە دەچوو گوێی لە قسەکانمان بێ، ویستم زوو بڕۆم خەریکی بەستنەوەی پێڵاوەکانم بووم.

- سروشت بۆ نەهاتەوە.

- ئا بیرم چوو پێت بڵێم ئەمڕۆ دەگەڕێتەوە.

خەریـک بـوو لە دەرگەکە نێزیـک دەبـوومەوە، بـاران بـانگی کردم.

- سڵاوم بە سروشت بگەیێنە.

سەیرم کرد پێکەنین گرتمـی وەکـو منـداڵ هـاتە بەر چـاوم، بە گاڵتەوە گوتم: من نارۆمە لای ئەو بۆ گەر بڵـێم هـاوڕێ بەس تۆ و سروشت هەن نا هاوڕێی زۆر لە ئێوە چـاکترم هەیە، دەی خوات لەگەڵ.

بەپێی نـاو نیشـانەکە چـوومە مـاڵەکەی خـانوێکی لە شـێوەی کۆشکی جـوان و گەورە بـوو، هەر کە دەسـتم لە زەنـگەکە دا لەگەڵ یەکەم زەنـگ دەرگەی کـردەوە فەرمـووی لێکـردم زۆر شـەڵەژا و دیـار بـوو: تەمەن خـان لەبەر پیـاوەکەت گەر حەز دەکەی دانانیشم هەر لێرە لەبەر دەرگا قسەدەکەین.

- نا هیچ کێشە نییە فەرموو وەرە ژووری.

چـوومە ژوورەوە ئـەویش رۆیشـت دوای کـەمێك هاتـەوە و بەرداغە ئاوێکی بۆ هێنام و پرسی: ببوورە ناوی جەنابت.

- دەوەن.

- کاک دەوەن تخوا پێم بڵێ باران بۆ وای لێ بەسەر هاتووە.

- پەلە مەکە گەر دەتەوێ بزانی تۆ سەرەتا باسی ژیانی خۆتم بۆ بکە، بۆچی بارانت جێهێشت.

چاوەکانی فرمێسکیان لێهاتە خوارەوە.

- چ شتێک هەیە بۆت باس کەم گەمژەیی لەخوا نەترسی دڵ ڕەقی یا خۆپەرستی، هەموو شتێکم بەرامبەر کرد، وامزانی دەتوانم بەم جۆرە ژیانی خۆم خۆش بکەم، بە ئاوات و ئارەزوە پیسەکەم بگەم، نەمدەزانی تەنها ڕوو ڕەشی و خەم دەبێتە مێوانم هەتا ئێستا بە جەستە لای ماڵ و مێردمم، بەڵام بیر و هۆشم هەر لای ئەوە، وەک ئەو ڕۆژانەی کە بە ڕاستی خۆشم دەویست. تەنانەت ڕۆژێ نەمدەتوانی نامای بۆ نەنووسم بەڵام نازانم چۆن چاوی تەماحی و ماڵی دونیا ئەوی بە ماوەیەکی کەم لەبەر چاوی سڕیمەوە کەوتمە هەڵەوە.

- دەمەوێت باسی ئەمەم بۆ بکەیت.

- ڕۆژێک لە ژوورەوە خەریکی نامەی باران بووم لە پڕ بـراکەم هـــاتە ژوورەوە گـــوتی: تەمەن وەرە میـــوانم هەیە، دەی ئەم کـاغەزانە چـین دایـم خەریکـی نووسـینی، وەرە چـایەکییش ئامادبکە و لەگەڵ خۆت بێنە.

کاغەزەکانم کۆ کـردەوە و بە دوایـدا چـووم، ئەوەی بینـیم ئەو میوانە بوو هەفتەیەک بوو، براکەم چاوەڕێی بوو، ناوی دیـدەن بوو، ئەو لە سوید گەڕابووەوە بڕیار بوو بـراکەم لەگەڵ خـۆی بـۆ ئـەوروپا بەڕێـت، ئەویـش زۆری حەزی لێبـوو، براکـەم هەمیشە هەنـدەرانی وەك بەهەشـتێک دەبینـی و خەونـی پێـوە دەدیت، بۆیە هەمـوو کـات بـە گاڵتـەوە دەیگـوت: تەمەن تـۆ دەدەم بە کـوڕێکی دەوڵەمەنـد، ئینجـا هەرسـێکمان بە یەکەوە سەفەر دەکەین. بەڵام هەر واشی کرد.

منیش بەخێر هاتنیم کرد ئـەو دیـدەنی پـێ ناسـاندم، تـا بڵێـی کـوڕێکی ڕێـک و جـوان بـوو، بە ڕاسـتی هەر کە چـاوم پـێ کەوت عاشـقی بـووم، نـازانم چـۆن بـۆت بـاس بـکەم کە چ مرۆڤێک بوو بۆیە بە پستەوە بە سەهەندم گوت: دیـارە هـەر بە

ڕاستی هەندەران بە هەشتە، بۆیە ئەمە ئـاوا شـیك و پۆشـتەیە، ئەویش لە نیگاکانی دیـار بـوو هەسـتێکی وەک منـی هەبـوو، گەڕامەوە چێشتخانە دوو چام بۆ هێنان سەهەند گوتی: تەمەن وەرە دانیشە.

دیدەنیش پێکەنی و زۆر بێ شەرمانە گـوتی: بەڵـێ خـانم گەر لەبەر بینینی تۆ نەبوایە ئەوە من و سـەهەند لە دەرەوە یەکترمـان دەبینی.

لە شەرمان زوو بە بیانوی چا هێنانەوە هەڵستام خـۆم لە چـاوە پـڕ سـحراویەکانی شـاردەوە، ئـەوان تۆزێـك دانیشـتن دوایـی ڕۆیشت.

پـــاش بـــەڕێکردنی ســـەهەند هـــاتەوە و گـــوتی: تەمەن ئەو هاوڕێیەمت بەلاوە چۆن بـوو، زوو لە مەبەسـتەکەی گەیشـتم خۆم لێ گێڵ کرد.

- باش دیار بوو مادەم هاوڕێی تۆیە بێگومان لە تۆ دەچێت.

ئینجـــا زۆری باســـکرد دوایـــی گـــوتی: رات چـــۆنە شـــووی پێبکەیت، چونکە داوای دەستی تۆی لێکردووم.

زۆرم لا سەیر بوو هەرگیز لەو بڕوایە دانەبووم کوڕێکی وا جوان و دەوڵەمەند بێتە داوام، بۆیە هەر زوو گوتم کاکە چۆنت پێ باشە وابکە. من نامەوێت هەمووی گوناهەکان بخەمە ئەستۆی کاکم، چونکە تەنانەت سەهەند گوتیشی: حەز دەکەم تۆ خۆت بڕیار لەسەر ژیانی خۆت بدەیت، مەگەر من چەند تەمەنم هەیە.

ئیدی نامەوێت زۆر درێژی بە گەمژەیی خۆم بدەم براکەم چۆن بیری دەکردەوە قەدەر بەرەو ئەوێی بردین، نازانم چۆن باران هەر لە خەیاڵی من نەما کەچی پێشتر هەموو کات هەر چاوەڕێی ئەوە بووم، لەگەڵ ئەوماڵێک پێکەوە بنێم تێیدا بژین. باران هەمیشە دەیگوت: دەمەوێت پارەیەکی یەکجگار زۆر کۆ بکەمەوە تا جوانترین خانوت بۆ بکڕم.

منیش یەکسەر ئەو قسەیەم پێ دەبڕی: چاوەڕێی ئەوە نیم بەس لەلای تۆبم لە و دونیایەدا هیچم ناوێت، کەچی لە ماوەیەکی زۆر کورت گەڵای ئەو قسانە هەموو هەڵوەرین و بە یەک جاری بارانم لە مێشکمدا ڕەش بووەوە.

تەمەن لەبەر گریان نەیدەتوانی قسەکانی تەواو بکات، قومێك ئاوە خواردەوە و ئینجا گوتی: ئەو کوڕێکی باش بوو نەدەبووا دڕندەیەکی وەک منی خۆشبوویێت، بەس دیارە ئەو کاتە لەبەر چاوی ئەو مرۆڤ بـووم، بە پێستە ناسکەکەم دڕنـدەیی خـۆم حەشار دابـوو. ئـای خـودایە دەبـێ ئەو کەسـانەی خیانەتیـان لێـدەکریّ چ هەسـتێکیان هەبێـت ئێسـتا. ئەوە دەبیـنم خـۆم خیانەتکـارم هەمـوو کـات ویـژدانم ئـازارم دەدات. لە نـاخەوە نەخۆشێکی بێچارەسەرم، پێم سـەیرە کـە دەبیـنم تـۆ تـا ئێسـتا گوێـت لێگرتـووم، ئەوە شـایەنی سوپاسـێکی یـەکجار زۆرە، چونکە هەموو مرۆڤێک شایەنی گویّ گرتن نییە.

ئەو زیاتر درێژەی بە قسەکانی دا.

بەڵێ لای خۆم وابوو بووم بە شاژن و بومەتـە فریشـتە و بەرەو بەهەشت چووم، کەچـی ئـەو ژیانـە چێـژی دۆزەخیشـی لێـنە دەهات، بەڵام براکەم بە پێچەوانەی من هەموو گـرەو و حەز و ئارەزوەکانی خۆی بـردەوە، منـیش بـووم بە پـردی پەریـنەوەی ئەو، بووم بە دایکی دوو منداڵی داماو ئێستا مێردەکەشم هـیچ

جیــــاوازییەکی نییـــــە لەگەڵ مــــــردوان، ڕۆژانە ئەوەنــــــدەی دەخواردەوە تا جەڵتەی مێشکی لێدا و پاش چارەسەرییەکی زۆر هەردوو چاوەکانی لەدەست دا، ئیدی چارەنووسی من ئاوا بوو هەر لەگەڵ خەم ببم بە هاوڕێ. کاتێ ویستم هاوسەرگیری بکەم نەمدەزانی بەچ چاو و ڕوویێک بە باران بڵێم بۆیە دواین نامەم بۆ نووسی بە قەڵەمێکی ڕەش پێچەوانەی ئەو وشە ناسکانەی کە لە ڕابردوو دەمنووسین. کە ئەو نامەیەم بەرگێکی تری ڕەشی تاوەنەکەم بوو. نامەکەم بەم جۆرە بۆ نووسی.

## نامەی درۆ....

باران گیان نازانم چۆن ئەو نامەت بۆ بنووسم بەڵام ناچارم من و براکەم دەمانەوێ سەفەر بکەین بۆ وەڵاتێکی دوور، بەڵام خەم مەخۆ ساڵی داهاتوو دەگەڕێینەوە، تا ئەو کاتەش تۆ بە تەواوی پێداویستی ژیانمان دابین دەکەیت، دەزانم بۆ تۆ زۆر سەختە، بەڵام ئارامت هەبێت، بێگومان لە دوای هەموو ناخۆشییەك خۆشی لە دوایە، زۆر هەوڵمدا نەڕۆم بەڵام براکەم بە گوێی نەکردم، ژیانمان بەم جۆرەیە ناچارین هەردەبێ بڕۆین هیچ ڕێگەیەکی ترم لە بەردەم دانییە، بمبوورە ئەگەر لە دووریم ئازار دەکێشیت، بێگومان بە من تۆ لەبیر ناکەم. لە دووریتدا هەوڵدەدەم لەگەڵ نامەکانت دەژییێم تا کاتی بەیەک گەشتن، تۆش وەکو من بە، خۆشەویستیم هەمیشە لە یادت بێت.

## تەمەن

هەڵبەتە بە دەستە چەپەڵەکانم نامەکەم بۆ نارد، کەچـی نـامەی ئەوم بـە دەسـت گەیشـت زۆر دوور بـوو لە نامەکـەی مـن بە نووسینێکی بێگەرد بۆنی وەفا و بڕوایەکـی پـتەوی لێـدەهات، کە خوێندمەوە هەستم کرد من تاوانبارێکی گەورەم، بەڵام تازە هـیچ سـودێکی نەبـوو، دڕنـدەیی وەك ئەهریمـەن بـە تەواو جەستەی داگیر کرد بووم، ئەو ئەنگوستیلەیەی کـە پێشـکەش کردبوو، دەزانم تا ئێستاش لە پەنجەیـدا دەبریسـکێتەوە و دڵـی ئازار دەدات، چونکە ئەو هەرێی پێدابووم کە تا کۆتایی تەمەن لای دەمینێت.

کاتێ تەمەن لە قسەکانی تەواو بـوو، چـاوەڕێی ئەوەی دەکـرد وەڵامی پسیارەکانی بدەمەوە.

بـۆیە منـیش تەواوی کارەسـاتی بـارانم بـۆ گێـڕایەوە کە زانـی لەسەر ئەنگوستیلەکەی ئەو وای لێ هاتووە، بە کـۆڵ دەگریـا.

منـیش گـوتم: ببـوورە نە دەبـووا تەواوی کارەسـاتەکەت بـۆ بگێرمەوە، بەڵام حەز دەکەم بزانی کە تۆ چۆن یاریت بە ژیانی

ئەو کرد و لە چاوەڕوانییەکی نا دیار ژیانت فەوتانـد، ئێسـتاش درەنگە دەبێت بڕۆم.

ئـەو دەگریـا دەیگـوت: نـا درەنـگ نییـە، دەزانـم تـۆش چیـتر ناتوانی بۆنی گەنیووی پڕ لە خیانەتی ئەو ماڵە هەڵمژیت.

من ئۆقرەم لێبڕا بۆیە بە بێزارییەوە هەڵسامە سەرپێ، لە و کاتەدا کچەکەی لەگەڵ دەنگی گریـانی دایکـی بەخەبەری بـووەوە و هات و خۆی بە باوەشی داکـرد و ئـەویش دەسـتی کچەکـەی گرت.

- بووەستە دەمەوێت دیدەن ببینیت.

دەرگەیەک لە کۆتایی هۆڵەکە بوو کردیەوە مێردەکەی دانیشت بـوو، لەگەڵ دەنگـی دەرگە سـەری بـۆ لای ڕاسـت و چەپـی دەجووڵاند گوتی: ها ڤانە کچم تۆی؟

تەمەنیش بێ ئەوەی قسەی لەگەڵ بکات و دەسـتی کـچەکەی بەردا چوو بۆ لای باوکی دەرگەکەی داخستەوە.

- دەبینی ئەوەش لە چ حاڵەتێکی ناهەموار دەژییێت چونکە ستەممان لە باران کرد، کاک دەوەن تخوا بە باران بڵێ بمبەخشێت.
بە بێدەنگی سەرێکم بۆ لەقاند ماڵئاوایم لێکرد.
زۆر بێتاقەت بووم وردە وردە بەدەم خەیاڵەوە بەرەو ماڵ دەرۆیشتم، کاتێك نزیك بوومەوە لە پڕ یەکێ لە دوورەوە بانگی کردم، وەرچەرخام و سەیرم کرد کوڕێکی هەرزەکار بوو هاتە دوان: تۆ دەوەنی وانییە؟
- بەڵێ.
تۆزێ وەستاو ئینجا گوتی: لە بەیانییەوە لە دەرگەی ماڵی ئێوە دەدەم دیارە لە ماڵ نەبوویت.
شلەژاو دیاربوو، زانیم هەواڵێکی ناخۆشی پێیە.
- بۆ چی بووە؟
- نازانم چۆنت پێت بڵێم سروشت و حاجی ئاغا ماشێنەکەیان....
- ماشێنەکەیان چی؟ بڵێ.

- وەرگەڕاوە.

- زووکە بڵێ چیان بەسەر هاتووە.

- تا خۆت نەچیت بیان بینی، نازانم بڵێم چی؟

منیش توند یەخەی بەستەزمانەم گرت خەریك بوو لەداخان بیخنکێنم، هاوارم کرد: زووکە بڵێ ئارامم لێبڕا، ماون یان زیندوون.

کوڕەش بە قوڕگێکی پڕ لە گریانەوە گوتی: کاك دەوەن ناوی خوا بێنە، ئەمە ڕێگەی هەموومانە، کەس هیچی لەگەڵ چارەنووس پێناکرێت.

- کەواتە گیانیان لەدەست داوە.

- بەداخەوەم کە ناچارم بڵێم بەمشێوەیەیە.

کە گوێ بیستی ئەوە بووم، خۆشم نازانم چیم بە سەرهات چۆن بڵێی باوەڕ بە چارەنووس ناکەم، تەنانەت فرمێسکەکانیشم گیریان خواردبوو و نە دەهاتنە خوارەوە. ملی ڕێگەم گرتەبەر، دەنگی کوڕە لە گوێچکەکانمدا دەزرینگایەوە، بە دوامدا هات یەک دوو قسەی تریشی کرد،

بەڵام کاس ببووم، هیچی لێ تێنەگەیشتم. هەرچەند کردم توانام نەبوو کلیل لە گیرفانم دەرێنم دەرگە بکەمەوە تەنانەت پەنجەکانیشم توانای زەنگ لێدانیان نەبوو، شێواو بووم، بۆیە بە هەردوو دەستم لە دەرگەم دەدا چەند جار دووبارەم کردەوە، بەڵام هیچ هەست و قوستێک لە دیوی ژوورەوە نەبوو، بە تەواوی دڵم داخورپا کلیلم دەرهێنا و دەرگەم کردەوە، خودایە چ دیمەنێکی سامناکم بینی، جۆگەلەی خوێن بەناو حەوشەکە پەرشوبڵاو ببووەوە ڕامکردە ژێر هەیوانەکە تەرمی باران لەسەر زەوی کەوتبوو، باوەشم بە باراندا کرد و هاوارم دەکرد کەسێك بێت و فریامان کەوێت، بەڵام کار لەکار ترازا بوو، دەمێك بوو باران گیانی دەرچوو بوو، وەکو شێتێک هاوارم دەکرد و دەگریام، کەچی هیچ کەسێ بە هانامەوە نەهات.

- ئەی خودایە گیان ئەوە چ کارەساتێکە بۆچی واتکرد باران گیان، چیت لە خۆت کرد، من ئێستا تێگەیشتم بۆ چی گوتی سەلامی بە سروشت بگەیەنم، من وامزانی هەڵسوکەوتێکی

منداڵانەیە، کەچی نەمزانی شێتانەیە و زۆر لەوە خراپترە کە تـۆ بەسەر خۆتت هێنا، ئـای چەنـد گێـڵ و حـۆڵ بـووم هـەرگیز نەدەبووایە بەم کـاتە بەجێتبـێڵم. ئەی هاوڕێیـە بـەدبەختەکانم، نازانم ئێستا دەبێت تەرمی بێنازی سروشتش لە کویێ بیێ؟ ئەی تۆ حـاجی ئاغـا ئێسـتا لە کوێیـت؟ بلـوێرە غەمگینەکـەتم بـۆ بژەنی، تا خەمەکانم سووک بکەیت، ئای خودا یەگیان بۆ چی بەم ناسۆرییە، خۆشەویستانت لێسـەندمەوە. ئێسـتا مـن لەنێـو ئەم غوربەتەدا چۆن بەرگە بگرم، ئەوان بۆ من دایک و بـاوک و براو پشت و پەنام بوون، ئێستا من بە ژیان تازەیە نامۆم و دونیا بۆ من چ مانایەکی هەیە، منیش ئیتر لەگەڵ ئەوان مردووم.

دوادیداری ژوانی هاوڕێیان....

ئەوەی ڕاسـتی بێـت مـن و تـۆ ئێسـتا لـە هـەمان ئـەم خـانووە دانیشتووین، کە من و ئەوان تێیدا دەژییاین، بۆ من لێرە دڵێکی مردووم و ناتوانم نە لە یادگارییەکانیان دوور بکەومەوە و نە بە ئاسوودەی تێدا بحەسێمەوە، هـەموو شـتێك بـۆ مـن بـوو بـە یادگاری تاڵ و شیرین.

ڕۆمان نووسەکە ئاخێکی قووڵی هەڵکێشا.

- ببوورە بەهەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ژیانت زۆرم ئازار دایت.

- نا بەپێچەوانەوە تۆ بەشێکی خەمەکانی منت گرتـە ئەسـتۆی خۆت.

خەریک بوو ئەو هەڵدەستا.

- بۆ کوێ دانیشە با خانم چایەکت بۆ بێنێ.

- نا سوپاس کاک دەوەن دەبێت بڕۆم کاری ترم لە پێشە.

باران و سروشت بەرە و لامان دەهاتن.

- ها باوکە گەیشتنە کوێ.

- کوڕەکانم ئەوڕۆ کۆتایی ڕۆمانەکەبوو.

- بەڕاست.

ڕۆماننووسەکە سەیرێکی کرد.

- ئاگاداری باوکتان بن ئێوە تاکـە یادگـارین کـە باوکتـان پێـی ئاسودە بێت.

- بێگومان.

- دەی مـــن دەڕۆم بەم زووانە کتێـــبەکە دەگـــاتە بەردەســـتتان ماڵئاوا.

- خوات لەگەڵ.

- باوکە ئەی بڕیار نەبـوو، هەر کە تەواوبـوون بچـین بـۆ دێـی بەهار.

- دەچین کوڕەکانم بەڵام ئـەمڕۆنا، بیـرت چـوو ئـەمڕۆ ڕۆژی هاوڕێیانە، لە گۆڕستان سەردانیان دەکەین.

کۆتایی....

هەولێر

٢٠٢٠

## ((سوپاس و پێزانین))

زۆر سوپاسـی دڵشـادکاوانی ڕۆمـاننووس و چیرۆکنـووس و بـرای خۆشەویسـتم دەکـەم کـە ئـەرکی پێداچوونـەوە و ڕێکخستنەوەی ڕۆمانەکەی گرتە ئەستۆ. هەمیشـە وەك برایـەك و هاوڕێیەك بە هەوڵ و هیمەتی ئەو توانیومە، خۆم لـە بـواری ئـەدەب و چیرۆکـدا ببینمـەوە و بـەردەوام وەك قەڵایـەك لە پشتمەوە بووە و بۆیە پێیەوە سەربەرزم.